# جووەكانی لیوای هەولێر(1921- 1952)

**ID No. 3312**

(PP 139 - 163)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.4.9

**نەهرۆ ئیسماعیل محمد** **شێروان عبدالرحمان محمد**

بەشی مێژوو- كۆلێژی ئاداب / زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر

Nahro.muhammad@su.edu.krd

**وەگــــــرتن : 2019/10/23**

**پەسندكردن : 2020/08/10**

**بڵاوكردنەوە : 2020/11/11**

**پوختە**

جووەكان بەهۆی شاڵاوی ئاشووریەكانەوە مێژوویان لەناوچەكانی كوردستان دەستپێكردووە، ئەوانە لەشارو گوندەكانی كوردستان جێگیربوونە رۆڵێكی گرینگیان گێراوە لە چالاكیە ئابووریەكان، بەپێی بەرژەوەندییەكانیان خۆیان گونجاندوە لەگەڵ بارودۆخی كۆمەڵگای كوردی، بەجۆرێك نەتوانراوە بەئاسانی جوویەك و كوردێكی موسڵمان لێك جیا بكرێتەوە، ئەگەرچی بە بۆچوونی هەندێك لە گەریدەكان، جووەكان لەناوچەكانی هەولێر تووشی چەوسانەوە هاتوون، بەڵام ئەوان توانیویان بەئازادی هەموو جۆرە بازرگانی و كارێك بكەن، بارودۆخیان زۆرباشتر بوو بە بەراورد بە ناوچەكانی تری دونیا، جووەكان هەوڵیانداوە خۆیان لەئاغاو دەسەڵاتدارەكان نزیك بكەنەوە بەپێدانی دیاری و پارە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەكانیان. ئەگەرچی كێشەی خاك و نەتەوەیان نەبووە لە كوردستان چونكە ئەو جووانەی لەكوردستان ژیاون تا ئێستا كوردستان بە وڵاتی باوباپیرانی خۆیان دەزانن، بەڵام بەهۆی هاندانی رێكخراوە زایۆنزمەكانەوە، بەزۆرەملێ دەركردنیان لەلایەن حكومەتی عێراقەوە ئەوانە تا ماوەی ساڵانی 1951 هەموویان كۆچیان كردووە بۆ فەلەستین.

**كلیلی ووشەكان**: هەولێر، شار، بازرگانی، كۆچكردن، كورد، نیشتەجێبوون، پیشە.

## پێشەكی

**گرینگی توێژینەوە:** توێژینەوە لە مێژووی جووەكانی هەولێر گرینگی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ زانینی میتۆدی پێكەوە ژیان لەدێر زەمانەوە لەنێوان نەتەوەو ئایینەكانی هەولێر، لەگەڵ دەرخستنی رۆڵی جووەكان لە ژیانی ئابووری و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری هەولێر.

**سەرچاوەكانی لێكۆڵینەوەكە**: بۆ ئەم لێكۆڵینەوە سود لەچەند سەرچاوەیەكی جۆراوجۆ وەرگیراوە ، لەوانە ئامارە فەرمیەكانی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق، لەگەڵ كۆنوسی كۆبونەوەكانی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر، هەروەها چاوپێكەوتن وتوێژكردن لەگەڵ كەسایەتیە بەتەمەن و بە ئەزمونەكانی ناوچەی هەولێر، ئەوانەی پەیوەندی نمونەیی و دەگمەنیان لەگەڵ ئەو بابەتە هەیە، هەوڵدراوە سەردانی ئەو گوندو شوێنانەش بكەین كە جووەكان تێیدا نیشتەجێبوونە، لەگەڵ بەكارهێنانی چەند سەچاوەیەكی زانستی وەك كتێبەكەی( مۆردیخای زاكین، جولەكەكانی كوردستان)، نامەیەكی زانستی یە تێزی دكتۆرای مۆریخای زاكینە توێژەر بەشێوەیەكی زانستی شەنوكەوی بارودۆخی جووەكانی هەرچوار پارچەی كوردستانی كردوە، لەگەڵ كتێبەكەی ایرك بروار، یهود كوردستان، هەروەها كتێبەكەی بنیامین توتیەلی بەزمانی رووسی زانیاری باشی تێدایە، لەسەر بارودۆخی جووەكانی كوردستان، هەروەها سوود وەرگیراوە لە ژمارەیەك گۆڤارو رۆژنامە بەتایبەتی گۆڤاری هەولێر و(ئیسرائیل- كورد) كە ژمارەیەكی باش راپۆرتی مەیدانی تێدایە لەسەر بارودۆخی جووەكان لە ناوچەكانی كوردستان.

**پلانی لێكۆڵینەوە:** بەشێوەیەكی گشتی لێكۆڵینەوەكە لەدەروازەیەك و سێ تەوەرە پێكدێت، تەوەرەی یەكەم باس لە شوێنی دابەشبوونی جوگرافی جووەكانی هەولێر دەكات، لەتەوەرەی دووەم باسی بارودۆخی ئابووری و كۆمەڵایەتی جووەكان هەولێر دەكات، لەتەوەری سێیەم باس لە هەڵوێستی جووەكان لەپێشهاتە سیاسیەكانی و كۆچكردنی بۆ فەلەستین.

زۆربەی مێژوونووسان یەکەمین دەرکەوتنی کۆمەڵەی جووەکان[1] لە ناوچەکانی عێراق و کوردستان بۆ کۆتایی سەدەی شەشەم و سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زایین دەگەڕێنەوە(کورية، 1998، ص9). ئەوانە لەشارو ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان نیشتەجێبوون، توانیان گوندو گەڕەکی تایبەت بەخۆیان پێکبهێنن تا وای لێهات حاڵیان وەکو حاڵی دانیشتوانی کوردی ئەو ناوچانە بێت، زۆربەی کاتیش ئایینەکەیان بە پێی بارودۆخێکی سەردەم گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە هەم لەنووسراوەکانیان هەم لەدابونەریتەکانیان، هەوڵیانداوە بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان و بارودۆخی سەردەم خۆیان بگونجێنن کەمتر جێگیریان هەیە(عبد العلم ، 2007،ص17). بەتێپەربوونی کاتیش توانیویانە خو بەدابونەریتی ئەو وڵاتەوە بگرن کەتێیدا نیشتەجێن، هەرئەمەش بۆتە هۆی دووفاقە بوونی ئایینی جوو هەریەکەیان لەوڵاتێك ڕێوڕسمێکی جیاوازی لەخۆ دەگرێت(مالرب، 2009، ل65). جووەکانی کوردستان جیاوازیەکیان لەگەڵ کوردە موسڵمانەکە نەبووە بەشێك بوونە لە کۆمەڵگای کوردی تەنها لەرووی ئایینەوە جیاوازبوونە.

پەیدابوونی جووش لە وڵاتی نێوان دووڕووبار بۆ سەردەمێکی مێژووی دوورودرێژ دەگەڕێتەوە قۆناغی یەکەم لەوکاتهی دەوڵەتی ئاشووری شاڵاوێکی سەربازی گەورەی شلمنصری سێیەم(854-834پ.ز)کردە سەر مەملەکەتی ئیسرائیل، بەشێکی زۆر جووەکان لە گوندو شارە ئاشووریەکان نیشتەجێکران، قۆناغی دووەم لە دوو شاڵاوی سەربازی لەنێوان ساڵانی(596 و 586پ.ز) بەسەرکردایەتی(نبوخزنەسر)، کۆتایی بە مەملەکەتی یهودی هێنا(ابو حاكمة، 2004،ص224)، زۆربەی دانیشتوانەکەی ڕاگواستەوە بۆ بابل، کە لەمێژوو ناسراوە بە(دیلەکانی یهودی بابل) ژمارەیان دەگەیشتە نزیکە(60000هەزار)جوو (لطيف،2013،ص13)، جووەکان لەگوندی جیا نیشتەجێکران، ڕێگەیاندرا ڕێورەسمەکانی ئایینی و دابونەریتەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئازادییەکی تەواوی ئایینی و کۆمەڵایەتیان هەبوو، پلەوپایەی گەورەشیان لەدەوڵەت وەرگرت(لطيف، 2013، ص15)، ئەمەش دەرفەتی بۆ ڕەخساندن بۆ ئەوەی گوندو گەڕەکی تایبەت بەخۆیان هەبێت. جووەکان لە ڕاگواستنی دووەم بەسەر زۆربەی شارو گوندەکانی باکوری عێراق دابەشبوون، ناوچەکانی باشووری کوردستان بووە یەکەمین شوێنی نیشتەجێبوونیان(سوسه، 1978،ص30)، لەوانە ناوچەکانی( ئاکرێ وزاخۆ و دهۆك و زێباری و دوسکی و بەرواری سەروو و خوارو)(سوسه، 1978،ص30)، لەگەڵ ژمارەیەکیان لە قەڵای ئەربل نیشتەجێ کراون، هەندێك سەرچاوەکان دەڵێن یەکێك لەو دیلانە بۆ هەولێر هاتووە حەزرەتی نەبی عوزێر بووە ئێستا گۆڕەکەی لەنزێك مزگەونی شێخی چۆلیە(محەمەد، 2009، ل1916). ئەوانە بەهۆی بەپیت وبەرەکەتی خاك وئاو وهەوای ناوچەکانی کوردستان دەستیان کردوە بەچالاکی ئابووری لەبواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بازرگانی و پیشەوەری(عبدالرحمن، 2002، ص22). بوونی جووەکان لە عێراق کاریگەری دوو لایەنەی هەبووە هەم بۆ خەڵکی ناوچەکە هەم بۆ جووەکان خۆشیان(لطيف، 2013، ص15).

لەساڵی(538پ.ز) کۆرشی گەورە(560-529) پاشای ئەخمینیەکان بابلی گرت، دەوڵەتی بابلی ڕووخاند، ئازادییەکی تەواویدا بەو جووانەی لە بابل بوون، ئەویش بەهۆی هاوکاری جووەکان بۆ ڕووخاندنی بابل، ئەمەش وایکرد بەشێك لە جووەکان بیر لە گەڕانەوە بکەن بۆ وڵاتی خۆیان، بەڵام دوای داگیرکردنی فەلەستین لەلایەن ڕۆمانەکانەوە دووبارە جووەکان هەڵاتن هاتنەوە ژێر دەستی فارسەکان(H.H. Ben-Sasson, p140)، بەشێکیشیان پەنایان بردۆتە بەر میرنشینی حدياب، پایتەختەکەی ئەربل(هەولێر)بوو، باس لەوەش دەکرێت پاشای ئەو شارە هەڵساوە بە پەنادانی ئەو جووانە(ئیسرائیل-کورد، ژ22، 2011، ل11). قۆناغی سێیەمیش لە سەردەمی(عومەری کوری خەتاب)لەسەر کەناری فورات و دێرەزوو و عانە نیشتەجێبوون(سوسة، 1978،ص229).

سەبارەت بە بارودۆخیان لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا جووەکان لەناوچەکانی کوردستان و عێراق بە بەراورد بە ناوچەکانی تری عەرەبی باشتر بووە، وەکو(ئەهلی کتاب) مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. لەسەردەمی عەبباسیەکاندا تاوەکو کۆچی دوای خەلیفە هارونە رشید(786-809ز) جووەکانی عێراق زۆر ئاسودە بوونە چەندین پلەو پایەی بەرزیان هەبوو، ڕۆڵی گرینگیان لە چالاکی ئابووری و بازرگانی گێڕاوە، بەئازادی هەموو ڕێورەسم و دابونەریتەکانی خۆیان جێبەجێکردووە( الفتلاوي،2002، ص83)، هەتا لە گەشتەکەی

1زۆرجار بۆ جووەکان ناوی جیاواز بەکاردێت لەوانە یەهودی لەناوی یهوذا وەرگیراوە، یەکێکە لە برایەکانی یوسفی کوڕی یەعقوب، بەڵام احمد سوسە دەڵێت: وشەی یهودا یان یهودی نووسەرەجووەکان وادادەنێن مرادیفە بۆ وشەی ئیسرائیل، بەڵام ئەو وشەیە تا دوای موسی بەکارنەهێنراوە دەگەڕێتەوە بۆ مەملەکەتی یهوذا(931-586)پ.ز بۆ یەکەمجاریش ئەو وشەیە لەلایەن پاشای ئاشووریەکان سەنحاریب بەکارهاتووە لەسەر زاری ئەو ووتراوە لەکاتی سەرکەوتنی بەسەر مەملەکەتی یهوذا. زۆرجار وشەی (ئیسرائیل یان بەنی ئیسرائیل)بەکاردێت، بەمانای پەرستراو دێت، هەروەها وشەی( العيبرانه) دەگەڕێتەوە بۆ وشەی عبر کە باپیری پێنجەمی ئیبراهیمە، لە لایەن جوو بەمانای جوگرافی ناوچەی یەهووداوە هاتووە(عوسمان، 2011، ل19) احمد شبلی دەڵێت: وشەی عبری دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی ئەسلی بەنی ئیسرائیل چونکە بەنی ئیسرائیل لەسەرەتا میللەتێکی کۆچەر بوون لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەچوون بەدوای لەوەرگادا دەگەران.))، هەروەها اسرائيل: وشەیەکی کۆنە لە دوو برگە پێکدێت، اسر واتا بەندە، ایل بەمانای خواوەند دێت، واتا عبدالله، ( السقاف، 1967، ص133).

(بنيامين التوديلىBenjamin of Tudela) بۆ بەغداو دەووربەری داهاتووە، دەڵێت( زیاتر لە هەزار خێزانی جوو لە لەبەغدا دەژین، جووەكان بەشێوەیەكی ئارام و خۆشگوزەران دەژین)(M. H Цетлин. 1964, c174 )، بارودۆخیان هەروا بەجێگیر نەمایەوە، لەسەردەمی(خەلیفە متەوەكیل) بارودۆخیان بەرەو خراپی رۆیشت، چالاكییەكانیان لەهەموو روویەكەوە بەرەو كزی چوو(كورية، 1998، ص9). بەهاتنی مەغۆلەكان بارودۆخی عێراق تێكچوو تووشی تاڵان و كوشتاری زۆری مەغۆلەكان بوونەوە، جووەكانیش بەهەمان شێوە تووشی زوڵم چەوسانەوەی مەغۆلەكان بونەوە، بەڵام ئەوەش بۆ ماوەیەكی زۆر نەبوو دوای ئەوەی سعد الدولە: پزیشكێكی جوو بوو پۆستێكی باڵای وەرگرت، بووە راوێژكاری سوڵتان ئەرغون:(1284-1291) لەبواری دارایی كە ئەوەش كاریگەری گەورەی هەبوو وایكرد جووەكان دووبارە دەست بكەنەوە بە كاروچالاكی بازرگانی بەتایبەتی ئەو راوێژكارە برایەكی بوو بەچاودێری گشتی كێڵگەكانی وڵات و برای سێیەمی بوو بە فەرمانڕەوای موسل(لطيف، 2013، ص17).

لەسەردەمی عوسمانی جووەكانی كوردستانی ژێر دەستی عوسمانی بەبەراورد بەكوردستانی ژێردەستی ئێرانی بارودۆخیان زۆرباش بووە، زاكین دەڵێت( لە بەهەشت ژیاون)(2015، ل23)، دەوڵەتی عوسمانی پارێزگاری لێكردوون بەناوی(ئەهلی ذمە)هەموو مافێكیان پارێزراو بوو(الدراسات الفلسطينية، مجلة، المجلد9 ، العدد36 خريف1998، ص16)، بەپێچەوانە لەزۆربەی ناوچەكانی ئەوروپا وجیهان جووەكان دەچەوسێنرانەوە. بەهۆی ئەو ئازادیەی هەیانبوو چەندین توێژ بازرگانی گەورەو پیشەوەر پەیدابوون ڕۆڵی گرینگیان گێراوە لەئابووری دەوڵەتی عوسمانی(لطيف، 2013،ص153). لەشەڕی نێوان عوسمانی سەفەوییەكان ئەوانیش وەكو كوردەكان بوونە قوربانی ململانێی نێوانیان تووشی برسیەتی و قاتوقڕی هاتوونە، بەڵام بەردەوام هەوڵیانداوە بێلایەنی خۆیان بپارێزن، هیچ بەشداریەكی سیاسی ئەو تۆیان نەبوو. لەسەردەمی سوڵتان سلێمانی یەكەم (1520-1566) لەساڵی(1543ز)هیچ زیانێكیان پێنەگەیشتووە، لەساڵی(1638)لەسەردەمی سوڵتان مورادی چوارەم (1623-1640)بەغدای لەژێردەستی فارسەكان گەڕاندەوە، ڕواڵەتەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی جووەكانی عێراق لەسەر خانی رووداوەكانی كۆمەڵگەی توركی نوێدا دەركەوت. لەو ماوەیەشدا جووەكان دەستیان بەجموجۆڵی كرد بۆ دووبارە بەهێزكردنەوەی بنەماكانی ژیانیان. لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدە باری ئەمنی جووەكانی عێراق جێگیر بوو، لەهەموو شوێنەكانی عێراق كەوتنە جموجۆڵ بۆ دۆزینەوەی شوێنێك بۆ نیشتەجێبوونیان دەستیان كرد بە نیشتەجێبوون لە مووسل و كەركوك و سلێمانی و هەولێر پەیوەندی بەستن لەگەڵ ئەو جووانەی خۆیان بە ئەسیری ئاشوری یەكەم دەزانی(كورية، 1998، ص10). هەموو مافێكی مەدەنیان هەبوو لەدەوڵەتی عوسمانی، سوڵتانی عوسمانی عبدالمجید(1839-1861) لەساڵی 1839 مەرسومێكی دەركرد بەناوی(خەتی شەریفی گولخانە)، كەتێیدا هاتبوو هەموو ئەو ئایینانەی دەكەونە ژێرسەپەرشتی عوسمانی یەكسانن لەبەرامبەر یاسادا، بۆیان هەیە رێورەسمەكانیان بەئازادی ئەنجام بدەن، راستەوخۆ زانست وزانیاری و رۆشنبیری لەنێوان پۆلەكانی نەوەی جووەكان بڵاوكردەوە ئەویش بەدامەزراندنی قوتابخانەی(یەكگرتن) كە بەناوبانگترین خانەی یەكەمی بڵاوبونەوەی جووەكان لەعێراق دەژمێردرێت(كورية،1998،ص11)، هەروەها بۆ یەكەمینجاریش خزمەتی سەربازی سەپاند بەسەر ئەو كەسانەی موسڵمان نەبوون، لەنێویان جووەكانیشی گرتەوە، زۆرجار جووەكان پارەیان دەدا لەبڕی خزمەتی سەربازی(الفتلاوي، 2002، ص83). لەساڵی 1856عوسمانیەكان مەرسومی(ختی شەریفی همایون)یان دەكرد، تێیدا مافی ئەو چینانەیان دیاركرد كە موسڵمان نەبوون(Ихсаноглу , том I, 2006, C73).

بەشداری جووەكان لەژیانی سیاسی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایەتی مدحت پاشا(1869-1872) لەرێكخستنی دابەشكاریە كارگێریەكانی عێراق كە بڕیاردرابوو خەڵكی ناوچەكان بەشداری لە بەڕێوەبردنی كاروباری لیواكان بكەن بەهاوكاری دەسەڵاتی دەستەی كارگێریە خۆجێییەكان، سێ كەسی غیرە موسلمان ئەندام بوو لەئەنجومەنێك، جووەكان لەو ئەنجومەنە بەشداریان دەكرد لە بەرێوەبردنی لیواو قەزاكان، هەروەها لەزۆربەی دادگاكانی ویلایەتی بەغدا ئەندامێیەتیان هەبوو، هەرچەندە بەشداری جووەكان لەسەرەتا بەشێوەیەكی ڕواڵەتی(شكلی)بوو لەژیانی سیاسی عێراق(حسن ، 1980، ص9)، بەڵام لەساڵی 1876 كاتێك ئەنجومەنی نوێنەران لەبەغدا كرایەوە نوێنەرێك بەناوی(مناحیم صالح دانیال[2]) وەكو ئەندامی تایفەی جووەكانی هەموو عێراق هەڵبژێردرا، پاشانیش لە ساڵی(1869و 1876) بووە ئەندامی پەرلەمانی عوسمانی لە ئەستەنبۆل(الدروبي، 1958، ص209). هەروەها لەسەردەمی نازم پاشا والی عوسمانیەكان جووەكان بارودۆخیان باش بوو بە ئازادی هەموو چالاكیەكیان ئەنجامدەدا

2مناحیم صالح دانیال: یەكێكە لە پیاوە دەوڵەمەندە جووەكانی عێراق لەگەرەكی تورات لەبەغدا نێشتە جێبووە لەساڵی 1846 لەبەغدا لەدایك بووە، سەرەتا لە قوتابخانەكانی عوسمانی خوێندویەتی پاشان پەیوەندی بە قوتابخانە زانستیەكانی ئەوروپاوە كردووە، لەساڵی 1877 لەبەغدا هەڵبژێردراوە بۆتە نوێنەر لە(مجلس المبعوثين العثمانية) ئەنجومەنی نێردراوانی عوسمانی. كەسێكی بەناوبانگ بوو لە بواری بازرگانی ئابووری، بۆتە ئەندام لەئەنجومەنی كارگێری لیوای بەغدا لەسەردەمی احمد مدحت پاشا. لەسەردەمی مەلەكی دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای عێراقی لەسالی 1925 دەبێتە نوێنەری جووەكانی عێراق. لە سالی 1940كۆچی داوی دەكات(الدروبی، 1958، ص209).

لەعێراق تا هەڵگیرسانی یەکەم شەڕی جیهانی تووشی رووداو کارەساتی ناخۆش بونەتەوە، بەڵام هاتنی ئینگلیزەکان گرتنی بەغدا بەدەستی ئینگلیزەکان لەساڵی 1917، چالاکی ئابووریان زیادی کرد، دوای کردنەوەی رێگای هاتوچۆ و نزیکبوونەوەی عێراق لە بازاڕی جیهانی ئەوروپا توانیان دەست بەسەر بازرگانی عێراق دابگرن(مەزهەر، 1978، ل43)، بەتایبەتی لەسەردەمی ئینتیدابی بەریتانیا و پاشایەتی لەهەموو سێکترەکانی عێراق ڕۆلیان هەبوو تا جەنگی یەکەمی جیهان لە 90% هاوردە و 10% هەناردەی عێراقیان لەژێر دەستدابوو، بەڵام پاش جەنگی دووەمی جیهان بووە 50% هاوردەی عێراق، لە ساڵی 1948 کەمبوویەوە بۆ 20%هاوردە و 2% هەناردە یان لەژێر دەستدابوو.(عبدالرحمن، 2002، ص83-84). هەولێریش یەکێك بوو لەو شارانەی چەندین بازرگانی گەورەو لەوشارە سەرهەڵداوە رۆڵێکی گرینگیان لە ئابووری کوردستان هەبووە.

**تەوەرەی یەکەم : دابەشبوونی جوگرافی جووەکان لە لیوای هەولێر**

**1. شوێنی جوگرافی جووەکان بەگوێرەی سەرژمێرییەکان لە لیوای هەولێر:**

جووەکانی زیاتر لە دووسەد گوندو شارۆچکەو شاری کوردستان نیشتەجێ بوونە(еврейской энциклопедии, в 2005–2006 гг.)، 146 کۆمەڵگەیان لە کوردستانی عێراق، 9کۆمەڵگەیان لە کوردستانی ئێران، 11کۆمەڵگەیان لەکوردستانی تورکیا، 11کۆمەڵگەیان لەکوردستانی سوریا(ئیسرائیل کورد، گۆڤار، ژمارە 16، ساڵی 2010، ل20). بەڵام رێژی زۆریان لە شارەگەورەکان ژیاون، بەپێی سەرژمێری ساڵی(1947) بێت نزیکەی 3،4% جووەکان لەگوندەکانی کوردستان ژیاون.

دوازدە شار شوێنی سەرەکی نیشتەجێبوونی جووەکان بووە، ئەویش(زاخۆ، سلێمانی، موسل، نصیبین، ئورفە، هەولێر، کەرکوك، ئورمیە، سندور، تشرقیلە، ئامێدی و نیروە)( نکدیمون، 1977،ص25) ، لەباشووری کوردستانیش نزیکەی لە(126) گوندو شار ژیاون(ئیسرائیل کورد، گۆڤار، ژ16، 2010،ل20).

بۆ زانینی رێژەی جووەکان لە کوردستان باشوور پشت بەسەرژمێری دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لەساڵی(1920) دەبەستین، هەرچەندە جێگای گومانە بەشێوەیەکی وردکرابێت. ژمارەی جووەکانی بەگوێرەی سەرژمێری بەریتانیا(87488)جوو لەعێراق ژیاون(البراك، 1984، ص63)، لەو رێژەیە نزیکەی 16.95%  لە کوردستانی باشور ژیاون، لەسەر ئاستی شارەکانی عێراق 5.48% لە لیوای هەولێر بوونە.

| | | |
|---|---|---|
| هەولێر | 4800 | لەسەرئاستی ناوچەکانی کوردستان دەکاتە: 32.35%.<br>جووەکان دابەشی قەزاو ناحیەکانی:<br>قوشتەپە، مەخمور، گوێر، کەندێناوە، رانیە، چناران، کۆیسنجاق، زێباری، مزوری باڵا، رەواندز، حریر، بالك، شەقڵاوە. |
| سلێمانی | 1000 | |
| موسل | 7635 | |
| کەرکوك | 1400 | |
| سەرجەم | 14835 | |

- لە سەرژمێری حکومەتی عێراق ساڵی(1947) ژمارەی جووەکان لەعێراقدا(118000) هاونشتیمانی بوونە(عبدالرحمن، 2000،ص37)، کە 16.74% جووەکانی عێراق لەکوردستانی باشوو ژیاون. لە 2.63% لە هەولێر بوونە.

| | نێر | مێ | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 1493 | 1616 | 3109 | |
| سلێمانی | | | 2271 | |
| موسل | | | 10340 | |
| کەرکوك | | | 4042 | |
| | | سەرجەم | 19762 | |
| دابەشبوونی جووەکان بەسەر گوندو شارەکانی لیوای هەولێر بەم شێوازەی خوارەوە بووە(عبدالرحمن، 2000، ص48): | | | | |
| ناوی قەزا | ناوی ناحیە | | ژمارەی جووەکان | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| قەزای هەولێر | مەرکەزی هەولێر | 1320 | لە گەڕەکی تەعجیلی جووەکان نیشتەجیبوون |
| | ناحیەی قوشتەپە | 133 | بەزۆری گوندەکانی دەوربەری بروانە خشتەی ژمارە(1) |
| | ناحیەی شەقڵاوە | 48 | |
| قەزای مەخمور | مەرکەزی مەخمور | 59 | |
| | ناحیەی گوێر | 150 | بەزۆری گوندەکانی دەوربەری بروانە خشتەی ژمارە(1) |
| | ناحیەی کەندێناوە | 149 | بەزۆری گوندەکانی دەوربەری بروانە خشتەی ژمارە(1) |
| قەزای رانیە | مەرکەزی رانیە | 177 | |
| | ناحیەی چناران | 6 | |
| قەزای کۆیسنجاق | مەرکەزی کۆیسنجاق | 440 | |
| قەزای زێباری | ناحیەی مزوری باڵا | 38 | |
| قەزای رەواندوز | مەرکەزی رەواندوز | 295 | |
| | ناحیەی دیرە حریر | 151 | رێژەی زۆریان لەباتاس ژیاون |
| | ناحیەی باڵك | 42 | |

**2. نیشتەجێبوونی جووەکان لەقەزاو ناحیەکانی هەولێر:**

1. **قەزای هەولێر:**ناحیەکانی(هەولێر(عەنکاوە) - قوشتەپە-هەنجیرۆك دەگرێتەوە.

زۆربەی زۆری جووەکانی لەناوچەقی شارەکان ژیاون(حبیب، 2006، ص34)، ژمارەیەکی کەمیان بەسەر ناوچە گوند و شاخاوییەگوندنشینەکاندا دابەشببون(زاکین، 2015، ل23)، شاری هەولێر یەکێك بوو لەو شارانەی جووەکان هەر لە کۆنەوە تێدا ژیاوە، هەولێر مەڵبەندی سەرەکی جووەکان بووە لەسەردەمی ئەشکانییەکان، چەند فەرمانڕەوایێکی ئەو سەردەمر جوو بوونە، ئەو جووانە بەشێکیان لە لەڕەگەزی سکاییەکان و بەشەکەی تریان لە ڕەگەزی ئەو دیلکراوانەی بابل بوون راگوێزراون بۆ ناوچەکانی کوردستان، لەسەردەمی ئیمارەتی حدیاب پایتەختەکەی هەولێر بوو(الصمادي،2005، ص24)، هەندێك لە پاشاکانی(حدیاب)و خەڵك لەسەردەمی چاخی دووەمر و یەکەمی پێش زایینی ئەو ئایینەیان قبوڵکردووە(С.минасян, 21йвек, № 2 (6), 2007, С90) دوای ئەوەی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی حدیاب لەڕەگەزی سکایی بوون دەبنە جوو، ئینجا ژمارەیەك لە دانیشتوانی هەولێری نا جووەکان هاتنە سەر ئەو ئایینە و میرو سەردارەهیدایەتدراوەکانیش بوونە پاڵپشتی نیشتەجێ بوونی جووەکان(سەنتەری برایەتی، گۆڤار، ژ17، ل187)، ئەو ئیمارەتە لەکۆتایی ساڵی(115ز) بەدەستی رۆمانەکان لەسەردەمی تراجان دەروخێت، رۆمەکان دوو ساڵ ئیمارەتی(حدیاب)یان دەکەوێتە ژێردەست، دواتر رۆمەکان لەلایەن ئەشکانییەکانەوە تووشی شکست دەبن هەولێر دەکەوێتەوە ژێردەستی ئەشکانییەکان، دوای گواستنەوە پایتەختی رۆمانیەکان بۆ قوستەنتین موژدەدەرەکان بەناوچەکانی رۆژهەڵات بڵاوبونەوە(magazine ,Israel-kurd, first No. jun2009, p15)، لەوانیە جووەکانی هەولێر هەندێکیان بەرەو مەسیحیەت گۆڕاون، بەڵگەش بۆ ئەوە لە هەردوو زمانی جووەکان و مەسیحی نزیکایەتی هەیە، مەسیحی و جوو هەردووکیان بەزمانی نوێی ئارامی قسەدەکەن لێك تێدەگەن، وشەی زۆری کوردی لەنێو زمانی هەردولایاندا هەیە. هەندێکی تریان لەسەر ئایینی خۆیان دەمێنەوە تا هاتنی ئیسلامر دواتر دەبن بە موسڵمان. هەروەها لە ئەنسکلۆپیدیای بەناوبانگی جووەکان باس لەوە دەکات((ژمارەیەك لە جووەکان بەهۆی شاڵاوی خاچ دروشمەکانەوە لەناوچەکانی سوریاوە رایانکردووە لە باکووری عێراق(شارەکانی کوردستانی باشوور)گیرساونەوتەوە))(еврейской энциклопедии, в 2005–2006 гг.)، لەوانەیە بەشێك لەو جووانەی گوندەکانی ناوچەی لیوای هەولێر بگرینەوە بۆ ئەو جووانەی لەترسی خاچ دروشمەکان ڕایانکردوە، پاشان نیشتەجێ بوونە نەگەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان.

جووە شارنشینەکان هەمیشە لە گەڕەك و کۆڵانی جیاوازدا ژیاون، لەشاری هەولێر محەلەی (جوولەکان)ناسرابوو، جووەکان گەڕەك و پەرستگەکانیان لە چوارچێوەی دابونەریتە کۆمەڵایەتەکانیان و ژیانی تایبەتی ئایینی و دونیاییان رێکخستووە، خۆیان وەکو پێکهاتیەکی پێتەوی کۆمەڵگا پەیوەست کردوە، کە تیایاندا هەبووە لەکارگێری شارەوانیدا کاریکردووە، لەوانە( یوسف سالح یوسف وکوڕی و یۆنان حەبیب) هەریەکەیان بۆ ماوەیەك موختاری جولەکەکانی تەعجیل بوون(بێخاڵی، ب3، 2005، ل363). ئەوانە وەکو موختار یان سەرۆکی کەمایەتیە ئایینیەکان ناسرابوون، کاری ئەوەبوو وەکو فەرمانبەرێکی میری میانگری بکات لەنێوان هاوڵاتیانی

جوو و دەسەڵاتدارەناوەخۆییەکان بەیەکەوە بیانبەستێتەوە، هەروەها بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر ژمارە686 1937/11/2 دوو کەسی جوو هەڵبژێردراون دەستنیشانکراون بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر بەناوی(ساسون فەخام) و(سەلمان شومە)(بەڵگەنامە، فەیزی، بەرگ6، 2009، ل2569)، هەیانبووە مامۆستا و فەرمانبەری دەوڵەتە بوو بڕوانە خشتەی ژمارە(3)، بەڵام دەبێت بەراوردی ئەوە بکەین ژیانی ئەو جووانەی لە ناوشاری هەولێر ژیاون لەگەڵ ئەوانەی لەگوندەکان جیاواز بوون، جیاوازیەکی بەرچاو لەرێکخستنی ژیانی گوندو شارەکان هەبوو. لەناوچە گوندنشینەکاندا تاڕادەیەك هیچ جۆرە رێکخستنێك نەبوو، لەزۆربەی گوندنشینەکانی هەولێر جووەکان چەند ماڵێك بوونە بڕوانە خشتەی ژمارە(4)، لەم جۆرە گوندانە ئەستەم بوو بتوانرێت هیچ جۆرە رێکخستنێکی ئایینی یان کۆمەڵایەتی بنیاتبنرێت، لە گوندەکان بەهۆی باڵادەست بوونی سیستەمی خێڵەکی و کەمی ژمارەیان زیاتر تووشی چەوسانەوە هاتوون، بۆ نمونە لەگوندی قازیخانە مەلا ئۆمەر ئەحمەد ناوێك ژنیشی هەبوو هەڵسا بەهەڵگرتنی کچێکی جوو لە گوندی شێخانان کردی بە ژنی خۆی(مام عوسمان شێراوەیی،2019/7/11) ئەو دیاردە بەدرێژایی مێژووی جووەکان لە کوردستان لە گوندەکان زۆر باو بووە. لەڕووداوێکی تردا (بنیامینی دووەم) گەریدەیەکی جوو بووە خۆی شاهێدی رووداوەکە بوو دەڵێت((جووەکانی بەشی خوارووی هەولێر لەوحی تەوراتیان بۆ پەرستگای نوێ دادەنا لەڕێگای دابونەریتی تایبەت بەخۆیانەوە دەبوایە ئەو ڕێورەسمە لەدەرەوە ئەنجام بدرێت لەکاتی ئەنجامدانی لەلایەن موسڵمانەکانەوە هێرشکرایە سەریان هەندێك لە راهیبەکان بریندار بوون هەندێکیان کوژران، پەرستگاکەش لەگەڵ زەوی تەخت کرا، جووەکان پەرستگایەکی تریان بنیادناوە هەمان رووداوی پێشوو دووبارە بۆوە))(زاکین، 2015، ل23)، بنیامین ئاماژە بەوە دەکات چەوسانەوەی جووەکان لەهەولێر دەگرێتەوە بۆ پیاوە ئاینیە دەمارگیروتوندوتیژەکان و دەسەڵاتدارە تورکەکانی هەولێر، بەجۆرێك هەرچیەك پێیان بگوترایە دەبوایە بی بۆڵەبۆڵ جێبەجێی بکەن، بەتایبەتیش زیادکردنی باج لەسەر جووەکانی شار دوو ئەوەندەیان لێکردبوو جووەکان نارەزایان دەربڕیوە نوێنەریان ناردە لای بەرپرسانی کەرکوك(زاکین، 2015، ل24)چەندین رووداوی تر لەناوچەکانی دەوربەری هەولێر ڕوویداوە، هەرچەند جووەکان خۆیان بەبێ دەسەڵات نیشاندەدا ئەوەش بۆ ئەوە بوو لەرووی ژمارەو کەم بوون دەبوایە خۆیان لەگەڵ دابونەریتی هەولێر بگونجێنن بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانیان، لەوانەیە لەم رووەوە ئەو قسەیەی گەریدە(دیڤید دیێس هیل) ڕاست بێت لەدرێژەی گەشتێکی بۆ کوردستانی عوسمانی(لەساڵی(1827)دەڵێت((تەنها لەشاری هەولێر موسلمانان جووەکانیان چەوساندۆتەوە))(زاکین، 2015، ل24). بەڵام ئەو ئازادیە ئابووریە لە ناوچەکانی هەولێر هەیانبووە وای لە جووەکان کردبێت دان بەخۆیاندا بگرن بەردەوام بن لەژیان. ئەوان هەتا هاتنی ئینگلیزەکان بەم شێوە ماونەتەوە، لەگەڵ رۆیشتنی تورکە عوسمانییەکان بارودۆخیان باشتر بووە بەتایبەتی عوسمانییەکان لە کۆتاییەکانی حوکمیان ببوونە بار بەسەر زۆربەی دانیشتوانی شارەکانی کوردستان وعێراق. هەروەها دبلیو. ئار لەکتێبی دووساڵ لەکوردستان دەڵێت((جووەکانی هەولێر وەك ئەوانی بەغدا گوزەرانیان باش نیە دەوڵەمەندیان نیە بازرگانیان لەهەولێر کەمە هەندێ دوکانی کوتاڵ فرۆشتنیان هەیە، زۆربەیان کاری پێستە خۆشکردن و چنین دەکەن، تەنیا ئەوان ئارەق لەمێوژ دەپاڵێون، چونکە بۆ موسڵمان قەدەغەیە، خەڵکەکە خۆیان لە جووەکان دەپارێزن وەکو گاڵتە پێکردن رووی خۆیان لێوەردەگێرن، لە گوندەکان زۆرجار ئەوان هەڵسوکەوتی خراپیان لەگەڵ دەکەن، دەڵێت هەرچەندە من نەمبیستووە ئەوان وەك نەریتێك چەوسێنرابنەوە یان تووشی دوژمنداری هاتبن و خوێن رژابێ، هەندێکجار کچانی جوو رفێنراون و داوای گۆڕینی ئایینیان لێکراوە، زۆرجار وشەی ڕەگەزپەرستانە بەرامبەر جووەکان بەکارهاتووە، ئەگەر کوردێك کەسێك ڕیسوا بکات، پێیدەڵێن((جوولەکە لە تۆ باشترە)) (دەبلیو.ئار.هەی 2010، ل89). لەناوچەی هەولێر وشەی جوو بەرامبەر بەو کەسانە بەکاردەهێنرێت ترسنۆکن وەکو دەڵێن(هەی جولەکە واتا هەی ترسنۆك)). لەگێرانەوەکانی(حاجی رسول تەمەن هەشتا ساڵ2009/9/10) چەندین نمونەمان هەیە جووەکان لە گوندەکان سوکایەتیان پێکراوەو وەکو کەسێکی بێ دەسەڵات سەیر کراون.

جووەکانی هەولێر لەسەرەتا زۆربەیان لەگەڕەکی تۆپخانەی سەرقەڵات دەژیان(محەمەد، بەرگ4، 2009،ل1916) پاشان لەدوا ساڵانی حوکمڕانی عوسمانییەکان گواستراونەتەوە بۆ خوارووی قەڵات لەگەڕەکی تەعجیل[3] نیشتەجێبکراون ژمارەیان دەگەیشتە هەزار کەس(الجاوشلی، 1985، ص47)، لەکۆتایی دەسەڵاتی عوسمانییەکان هەولێر شەش گەڕەك بووە، سیانی لەسەر قەڵات بەناوی سەرای، تەکیەو تۆپخانە، سیانی لەخوارووی قەڵا(کورتەك)بەناوی خانەقا، (تەعجیلی[4] ئیسلامان - تەعجیلی جولەکان)،

3گەڕەکی تەعجیل بەناوی چاکێك( ئیمام تەعجیل)ەوە ناونراوە، کە تائێستا مەزارەکەی لەم گەڕەکە ماوە دەکەوێتە نێوان گەڕەکی عارەبان و سەعدوناوە، (هەولێر لەیادی سەد ساڵەی، 1985، ل131)لەوانەیە ئەو گەڕەکە مێژووەکەی زۆر لەمێژووی ئەو ئیمامە کۆنتر بێت، چونکە لەساڵی 1543 یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری هەولێربووە، بەڵام بەناوێکی دیکە( سمایل،2018، ل36).

4754 ساڵ لەمەوبەر هەلێر حەوت گەڕەك بووە، چواریان دانیشتوانەکەیان موسڵمان و دیان بوونە تێکەڵاوی و یەکێکیان جوو نشین و دووەکەی تر تەنها موسلمان نشین بوو((سەڕاجین غرغانجلیر، ملەی کویلی، محلەی ملك، محلەی زەڕگەڕان، محلەی گۆزەچیان، محلەی یەهودیان( سمایل، 2018، ل38).

گەڕەکی عارەبان(سمایل، 2018،ل38)، بێجگە لەوەش لە گوندو شارۆچکەکانی دەوروبەری هەولێر دووماڵەو چوار ماڵە لە ژیاون، لەوانە گوندی سۆربەش4-5 ماڵ، گوندی گرد مەلا 2ماڵە جوو، گوندی ئۆمەراوە 3ماڵ، گوندی خورخوڕ یەك ماڵ دواتر نەوەکانی بوونە ئیسلام، گوندی قازیخانە 4 ماڵ، گوندی عالّلا یەك ماڵە، مالم لەو گوندە دادەنیشت(حاجی رسول و چەندانی تر2019/6/15) ئەوانە تاساڵی 1951 هچیان لەو گوندانە نەماونەتەوە کۆچیان کردووە بۆ ئیسرائیل.

**2. قەزای شەقڵاوە:** ناحیەکانی خۆشناو(هیران)- سەلاحەددین- حەریر دەگرێتەوە. قەزای شەقڵاوە یەکێك بوو لەو شارانەی، زیاتر لە(30)ماڵە جوو لەو شارە ژیاون، تاوەکو ئێستا گەڕەك و گۆڕستانێکیان ماوە بەناوی جووەکان دەناسرێ(مامۆستا احمد، 2019/7/8) وە کەنیسەی تایبەت بەخۆیان هەبووە(مرعی،2008،ص21). هەرچی دەڤەری خۆشناوەتیشە جوو لەناوچە شاخاوییەکانی کوردستان ژمارەیان زۆر کەم بووە، تەنیا چەند ماڵێك لەنێو چەندین گوندی کوردی ژیاون، زۆربە ئەوانش لەناوچە دابڕاوەکان دەژیان، بنیامینی دووەم ڕەخنەی لەوە گرتووە کە جووە گوندنشینەکان لەبراکانی تریان دابڕاون، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو جووانەی لەناوچە شاخاوییەکان دەژین لەناو کوردەکاندا پەرتو بڵاوبونەوتەوە ئاگایان لەدونیا دەرەوە نەماوە، موشی بنیامین ئەو بەسەر هاتەی گێڕاوەتەوە دەربارەی نوێنەری جووەکان کە سەردانی موتەسەریفی هەولێری کردووە. کاتێك رابەری جووەکانی هەولێر کە لەگەڵ نوێنەرەکە بووە، داوای لەموتەسەریف کردوە یارمەتی ئەو جووانە بدات بەرەو هەولێر بێن، موتەسەریف باوەڕی بەوە نەکردووە ئەوان جوون، چونکە ئەوان رێك وەکو کوردە گوندنشینەکان دەهاتنە بەرچاو، ئەو دابڕانە قووڵە وایکردووە بەتەواوەتی خووی کورد گونشینەکان بگرن(زاکین، 2015، ل161)، نیشتەجێبوونی جووەکان لەو دەڤەرە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، یەکێك لەهۆکارەکانی دوای بەدیلگرتنی جووەکان لەلایەن ئاشوریەکانەوە لەناوچە سەخت و شاخاوییەکان نیشتەجێکران بۆ ئەوەی هیچ کاتێك بیر لەگەڕانەوە نەکەنەوە بۆ زێدی خۆیان(لطیف، 2013، ص58)، ئەگەرچی بەدرێژایی مێژوو ئەوانە ژمارەیەکیان کۆچیان کردووە بۆ شارەکان بەهۆی پیشەکانیانەوە، بەڵام ژمارەیەکیان هەرماونەتەوە. هۆیەکی تر لەکاتی جەنگدا سوپای عوسمانی جووەکانیشی راپێچی جەنگ دەکرد ناوچە شاخاوییەکان بەبەراورد بەشار ئارامتربوو، جووەکان دوورە دەستی ئەفسەرانی ناونووسی سەربازی بوون. سەرەڕای ئەو هەموو دەردەسەریەو برسێەتی و لەدەرئەنجامە مەترسیدارەکانی جەنگ بوو، کەمتر کاریگەری هەبوو لەسەر گوندە شاخاوییەکان پێچەوانەی شارەکان، لە گوندەکانی شاخەکان هەموو کەس دەیتوانی پێداویستیە سەرەتاییەکانی خۆی وەکو خۆراك و سوتەمەنی و دانەوێلە دابین بکات، بەکورتی سودی ناوچە شاخاوییەکان بریتی بوو لە خۆ دوورخستنەوە لە خزمەتی سەربازی و بە سەلامەتی مانەوە لە ژیان لەکاتی جەنگەکان، هەروەها زۆرجاریش ئەو بنەماڵە جووە بەهۆی کوشتن و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی رووی دەکردە ئەو دەڤەرە چەندین نمونەی زیندومان هەیە لەم باریەوە. زۆرجار بەهۆی ژمارەی کەمیان ئەوانە بەتەواوەتی بزردەبوون کەس نەیدەزانی ئەوانە جوون، یان هەندێکیان بەهۆی گۆڕینی ئاینیان لەناو کۆمەڵگەی گوندەکان بەتەواوەتی ون دەبوون. دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین هەڵسوکەوتی هەموو گوندنشینەکانیش وەکو یەك نەبووە لەگەڵ جووەکان، بۆ نمونە لە گوندی توتمە خۆشناوەتی بەهۆی خراپی هەڵسوکەوتی خەلکەکە دەگێڕنەوە بەبیانووی ئەوەی ئەوان کافرن، پەراوێز خراون بە گۆشەگیری ژیانیان بردۆتەسەر،(دواوەیی، ئیسرائیل-کورد، گۆڤار، ژ9، 2010) لە شاخێکی رۆژهەڵاتی ئەو گوندە سێ ئەشکەوتیان هەڵکەندوە دوور لە خەڵکی ژیاون، کە ئێستا بە ئەشکەوتی جووەکان دەناسرێ، هەرسێکیان کەوتونەتە سەر کانی بە(کانی جوولەکان) ناسراوە(بەندە) سەردانی کردووە.

جووەکانی ناوچەی خۆشناوەتی وەکو کوردەکان بەئاژەڵداری و کشتوکاڵ خەریك بوونە، لەپاڵ ئەو کارەش خمرێژی و جۆلای و چەندین کاری تریان کردووە(احمد محمد، 2019/9/14)، ئەو گوندانەی جووەکان تێیدا نیشتەجێبوون لەناوچەی خۆشناوەتی ئەوانیش(( بالیسان، خەتی، سوێری، مەلەکان، باتاس، بێتواتە، هەرتەل، توتمە، سەرکانی، هەرمك، شێخ وەسانان)) بروانە خشتەی ژمارە(1).

**3. قەزای رەواندز**: دیانە- برادۆست(سیدەکان)- باڵەك(گەڵاڵە)- خەلیفان دەگرێتەوە. لەو ناوچانەی ژمارەیەك بنەماڵەی جوو تێدا نیشتەجێبوونە، لەساڵی 1931 ژمارەی جووەکانی مەرکەزی شاری رەواندز نزیکە حەوت ماڵ بوونە(گۆرانی، 2000، ل154)، بەڵام لەسەرژمێری 1947 ژمارەیان گەیشتۆتە(295)جوو، گەریدەکانی جوو لەسەردانیکردنی ئەو شارە باس لەوە دەکەن ژمارەیەکی زۆر لە کتێبی پیرۆزیان لەو شارە فرۆشتووە بەوەی خەڵکێکی زۆری جووی تێدا نیشتەجێبووە، هەروەها جووەکان لەسەرچاوەکان ئەم شارەیان بەناوی راڤاندی ناوبردووە(براور، 2015، ص43). هەروەها لەناحیەکانی سەر بەرەواندز لە دیر حریر 151کەس هەبوونە، زۆربەیان لە لەباتاس ژیاون ژمارەیەیان دەگەیشتە(30-40)ماڵ تاوەکو سەردەمی کۆچیان بۆ ئیسرائیل لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە ژیاون، کاری سەرەکیان لەناوچەی باتاس دەستگێری و پیشەوەری و ڕانکو جۆغەریان لە کر دروستدەکرد، بەگوێرەی گێڕانەوەکان جووەکانی ناوچەی باتاس هەست و سۆزی زۆریان بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل هەبووە، زۆرجار بەیانیان دروشمی دەوڵەتی ئیسرائیلیان

دەوتەوە. لەناوچەی باتاس پەرستگە و گۆڕستانی تایبەت بەخۆیان هەبوو(حمەدامین رشید، ابراهیم، 2019/6/10). بینامینی دووەم ئاماژەی بەوە کردووە جووەکانی ناوچەی رەواندوز تووشی چەوسانەوە هاتوون، ئەو زوڵم وزۆرداریەی بەرامبەر جووەکان ئەنجام درابوو بووە هۆی کەمبونەوەی ژمارەی جووەکان، جووەکان ناوچەی رەواندوز بۆ ماوەی چەندین سەدە ریسوا دەکران و دەچەوسێنرانەوە، موسڵمانەکان لەپەرستگاکان هێرشیان دەبردە سەریان. زیندوترین نمونە حاجی سەعید روستایی دەگێرتەوە دەڵێت(( لەگوندی روستێ ئەگەر یەکێك جاحیڵ بوایە هەتا سەری جوویەکی نەشکاندبوایە بەپیاویان دانەدەنا وەك خۆی باس دەکان ئەو دیاریدەیەش بۆ چەندین نەوەوە بەردەوام بووە، ئەو خۆی یەکێك بووە لەوانەی سەری جووەکی شکاندووە، لەسەردەمی ئەو بەهۆی شکاتی جووەکان کۆتایی بەو دیاریدەیە هاتووە)) دیارە ئەوانەی لە گوندەکان دەژیان زیاتر دەچەوسێنرانەوە. بنیامین ئاماژە بەوە دەدات جووەکان لەو ناوچەیە تووشی کێشەی زۆر دەبونەوە بەڵام ئەو ئازادیە ئابووریە وای لە جووەکان دەکرد لەسەرژیانی خۆیان بەردەوام بن(زاکین، 2015، ل25).

4. **قەزای زێباری**: مێرگەسۆر- بارزان- مزووری باڵا(شێروانی مەزن)دەگرێتەوە: جووەکان لە مزووری باڵا لەسەر ژمێری ساڵی 1948 ژمارەیان(38)کەس بوونە دابەشی نزیکەی(8- 9)ماڵ بوونە، سەبارەت بە بارزانیش لەسەرژمێری 1948 ژمارەی جووەکان نەنووسراوە ئەمەش لەوانەیە بەهۆکاری سیاسی و دووره دەستیەوە جووەکان سەرژمێرنەکراون، بەڵام بەگوێرەی سەرچاوەکان لەم ناوچەیە ژمارەیەك بنەماڵەی جوو نیشتەجێبوونە هەر لەسەردەمی کۆنەوە. ناوچەی بارزان یەکێك بوو لەو ناوچانەی جوو و مەسیحی و موسلمان هاوشانی یەکتر ژیاون، نمونەی مۆزایکی پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان بووە، جووەکان کەنیسەی تایبەتی خۆیان هەبووە بە ئازادی خۆیان رێورەسم و دابونەریتەکانی خۆیان پەیڕەوکردووە(مرعی، 2008، ص24). تاوە ئێستا زۆر لە بنەماڵە جوو لە ئیسرائیل هەڵگری نازناوی بارزانیە هەر بۆ نمونە چڤی کوری یعقوب یودا بارزانی سەرۆکی شارەوانی شاری (رەمەتگان)ە لە(تەلئەبیب)، کە لەساڵی 1880 باپیرانی لەناوچەی بارزان، بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە کۆچیان کردوو بۆ ئیسرائیل(ئیسرائیل-کورد، گۆڤار، 8، 2010،ل3)، هەروەها موشێ بارزانی یەکێکە لەپاڵەوانەکانی بزووتنەوەی رزگاریی نیشتمانی ئیسرائیل(ئیسرائیل-کورد، گۆڤار، 10، 2010،ل46) چەندانی تر هەڵگری نازناوی بارزانین.

**5. قەزای کۆیە:** ناحیەی تەقتەق دەگرێتەوە. قەزای کۆیە وەکو یەکێك لەقەزاکانی سنوری لیوای هەولێر بەشێك لەپێکهاتەی دانیشتوانی ئەم شارە جوو بوون، بنیامینی دوووەم ئاماژەی بەوە کردووە جووەکانی کۆیسنجق کەمتر تووشی چەوسانەوە بونەتەوە لەچاو ناوچەکانی تر، جووەکان لە کۆیە لەگەڕەکەکانی(قەڵات)و(جوولەکان) نیشتەجێبوون، هەرلەسنووری کۆیە جوو لەبێتواتە و هەرتەل هەبووە(ئیسرائیل-کورد، گۆڤار، ژ4، 2009، ل36-38). مۆردیخای زاکین دەڵێت((بەپێی راپۆرتەکان لەساڵی 1947(شەش سەد) ماڵی جوو لەو شارەدا ژیاون، جووەکان کەمتر لە یەك لەسەر پێنجی دانیشتوانیان پێکدەهێنا(زاکین، 2015،ل391)، بەڵام لەوانەیە زیادەڕەوی کردبێت چونکە لەسەرژمێری ساڵی 1947 ئەو شارە(440) جووی تێدابووە(احصاء السكان العام 1947،ص218-257). تا ساڵی 1951 تەنها 50 خێزان لەو شارە دەمێنەوە(زاکین، 2015،ل391)، گەڕەك و پەرستگای خۆیان هەبوو، بەزۆری جووەکان لە شاری کۆیە لەکۆنە قەڵاتی گەڕەکی هەواران بوون، پاشان چەند ماڵێکیان گواستویانەتەوە بۆ گەڕەکی(بەفری قەندی) دەوروپشتی مزگەوتی(حەتك) مزگەوتی(گەرمووك) دەووت گەڕەکی جووەکان (حەوێزی، بەرگ2، 1984، ل41). لەساڵی 1951 هەموویان کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل، هەروەکو موردەخای دانیشتووی ئیسرائیلە یەکێکە لە جووەکانی کۆیە دەڵێت(خەڵکی کۆیە بەگریانەوە ئێمەیان بەرێکرد لە ئەولای ئەولای جادەکان هەر لەسەرایە تا تۆپخانەو قشرە بەریز وەستابوون ئیمەیان بەرێدەکرد)(ئیسرائیل-کورد، گۆڤار، ژ12، 2010، ل22-23).

6. **قەزای مەخمور**: ناحیەکانی قەراج- کەندێناوە(دیبەگە)- گوێر دەگرێتەوە، مەخموریش یەکێك بوو لەو شارانەی نزیکەی دە بنەماڵەی جووی تێدا نیشتەجێبوون، تاساڵی 1950 تەنها سێ بنەماڵەیان مابوونەوە پاشان ئەوانیش کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل، لە شاری مەخمور جووەکان گۆرستانی تایبەتی خۆیان هەبووە( ئامینەخان 2019/9/2). لەناحیەی گوێریش نزیکەی 150 جوو هەبوونە، ئەوانیش دابەشی سەر گوندەکانی دەوربەری ببوون بە دوو ماڵەو سێ ماڵەو، تەنها گوندی کوشاف نەبێت بەپێی گێڕانەوەکان گوندی جووان بووە، هەروەها گوندی(شایان) بەتەواوی گوندی جووان بووە، بەڵام ئەو گوندە تەنها شوێنەواری ماوە(ئامینەخان2019/9/2). ناوچەی کەندێناوەش نزیکەی 20-30 ماڵی لێبوو دابەشی سەر گوندەکانی دەورووبەری بووە.

تەوەرەی دووەم: بارودۆخی ئابووری کۆمەڵایەتی رۆشنبیری و سیاسی جووەکانی لیوای هەولێر:

**1. ئابووری جووەكانی هەولێر:**

بەشێوەیەكی گشتی باری ئابووری لیوای هەولێر لەساڵانی سییەكان و چلەكانە لەئاستێكی نزمدابووە، زیاتر پشتی بەخۆی دەبەست، دوور بوو لە هەموو تەكنیكێكی كشتوكاڵی، جووتیارەكان لەوپەڕی هەژاریدابوون، لەگەڵ ئەوەشدا چینێك هەبوو خاوەن زەویی و زاربوون بەشێكیان لەناو شاری هەولێر دەژیان هەندێكیشیان لە گوندەكان دەوروبەری هەولێر بوون ئەوان ببونە ئاغا و دەستڕۆیشتوی هەولێر، كوڕەكانی ئەم توێژیە بۆیان دەگونجا بخوێنن و پاشانیش پلەو پایەی ئیداری وەربگرن هەر ئەمانەش چینی رۆشنبیری هەولێریان پێكدەهێنا. سەرەڕای ئەم چینە چینێكی تر دەوڵەمەند هەبوون كاری ئاڵوگۆری بازرگانیان لەگەڵ شارەكان دەكرد ئەوانیش جووەكان بوون. جووەكان لە هەر وڵات و شارێكدا بوونە ڕۆڵێكی گرینگیان لە ژیانی ئابووری ئەو كۆمەڵگایە گێراوە، بەشێكی گرینگی ئابووری ئەو وڵات و شارەیان كۆنترۆڵ كردووە، بەڵام جووەكانی هەولێر بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپانەی بەسەر عێراقدا هاتبوو ئەوانیش هەموو كات گوزەرانیان باش نەبوو، بەتایبەتی ئەوان گرینگی بەبازرگانی دەدەن بازرگانیش پێویستی بەئاسایش هەیە، بەڵام عێراق تا هاتنی ئینگلیزەكان ئارام نەبووە بۆ جووەكان. ر.هـ فیشل گەریدەیەكی جوو بوو لەساڵی (1859)باسی ئابووری جووەكانی كوردستانی كردووە كۆمەڵگای جووەكانی بەگوێرەی داهاتی ئابووری دابەشی سێ كۆمەڵە كردووە بەپێی قەبارەیان:

| | بنەماڵە | كۆمەڵە | باری دارایی |
|---|---|---|---|
| 1 | 1 –تا - 30خێزان | سیڤەرك، دیاربكر، كفری، جەرموك، دووزخورماتوو، جزیرە و دهۆك | هەژار و مام ناوەند |
| 2 | 30 –تا – 60 خێزان | سندور و ئورفا | هەژار |
| 3 | 150 – 200 خێزان | كەركوك، موصل، هەولێر، زاخۆ | مام ناوەند |

زۆربەی ئەو كۆمەڵگایەی فیشل سەردانی كردوون لە جۆری یەكەم بوونە، واتا كۆمەڵگای بچوك بوون، لەلایەكی ترەوە كۆمەڵەی یەكەم باسی ئامێدی و ئاكرێ و توش و ماردین و نوسیبینی نەكردووە، لەكۆمەڵەی سێیەمیش بەڵگەی لەبەر دەستە لەسەدەكانی پێشوو باری ئابووری تاكەكەسی جووەكانی ناوچەی هەولێر زۆر باشە نەبوونە، بەدرێژای سەدەی هەژدەو نۆزدە نەك تەنها جووەكانی هەولێر بەڵكو زۆربەی دانیشتوانی كوردستان، بەهۆی كەمی خۆراكەوە دەیان ناڵاند ئەویش بەهۆی قات وقری و لافاو پەتاوە زۆربەی جووەكانی كوردستان ناچار بوونە بەرەو بەغدا بڕۆن بۆ پەیداكردنی بژێوی ژیانیان(زاكین، 2015، ل276) لەراپۆرتێكی وەرگێرێكی زمان لە بالیۆزخانەی بەریتانیا ئاماژەی بەوە كردووە 5% جووەكانی بەغدا هەژارن زۆربەی ئەوانەش لە باكوری عێراقەوە بەرەو بەغدا هاتوون بەشێكیان وەكو خزمەتكار لەماڵە جووە دەوڵەمەندەكانی بەغدا كاریان دەكرد(زاكین، 2015، ل276)، بەكورتی زۆربەی جووەكانی هەولێر وەكو كوردەكان لەسەدەی نۆزدە هەژاربوونە بەدەستی حكومەتە یەك لەدوای یەكەكاندا دەیان ناڵاند، چونكە حكومەت خزمەتگوزاری پەرپێدانی ئابووری وڵاتی فەرامۆش كردبوو.

باری ئابووری جووەكانی كوردستان لەسەدەی بیستەمدا گەریدەكان ئاماژەیان بۆ كردووە لەوانە دیفید.د. بیس هیل دەتوانین كۆمەڵگای جووەكانی پۆلین بكەین بەم شێوەیە:

| شوێن | ئاستی بژێوی | پیشە |
|---|---|---|
| جووەكانی ماردین، دهۆك، زارداو | زۆربەی هەژاربوونە | كشتوكاڵ + بازرگانی +پیشەوەری + دەستگێری |
| جووەكانی هەولێر | زۆربەی هەژار بوونە | دەستگێری+ پیشەوەری+ بازرگانی+ كشتوكاڵ+ هەموو كارێك |
| جووەكانی ئامێدی، بەشقەلە، زاخۆ | زۆربەی دەوڵەمەندبوون | بازرگانی |
| جووەكانی سلێمانی | دەوڵەمەندبوون | تەنها بازرگانی |

**- كارو پیشەو چالاكیە ئابوورییەكانی جووەكانی لیوای هەولێر:**

لەرووی چالاكی ئابووریەوە جووەكان خەڵكی كاسبكار بوون لەماڵ وسامان پەیداكردن ئارامگروو بەدەست و بردبوون، بوونیان لەكوردستان كاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر گەشەسەندنی ئابووری كوردستان، بە گەڕانەوەیان بۆ ئیسرائیل كاریگەری خراپیان لەسەر بازرگان گەشەسەندنی چالاكی ئابووری ناوچەكانی كوردستان هەبووە. لەكوردستان جووەكان بەئارەزووی خۆیان ئەو كاروپیشەیەی دەیانویست ئەنجامیاندەدا

1. **بازرگانی**: جووەکان هەر لەکۆنەوە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لەبواری چالاکی بازرگانی(هاوردە هەناردە)، لە بازرگانی ناوەخۆش لەنێو شارەکانی عێراق چەندین کۆمپانیاو شوێنی بازرگانی و پشەوەریان کردۆتەوە(عبدالرحمن، 2002، ص3)، جووەکانی هەولێر ژمارەیەکیان خەریکی بازرگانی بوونە(عبدالقادر،2013، ل26)، دەبێت ئاماژە بەوەبکەین لە ناوچەی هەولێر دوو جۆرە بازرگانی هەبوون، بازرگانە گەورە جملە فرۆشەکان(براور، 2008، ص252)، لەشار نیشتەجێبوون ئەوانە کەلوپەلیان (هاوردەو نارده) دەکرد، چەند بازرگانێکی بەناوبانگی جوو دەستیان بەسەر بازاڕی هەولێر داگرتبوو لەوانە(نەسیم سامۆن ردێن سۆر) عەزرا(محمد علی مستەفا، 2019/9/5)، نەسیم بەغدایی و ئیلیا هوبرای و مراد سیتۆ، دانیال خمچی(بێخاڵی، 2015، ل363)، نەسیم بەغدایی کەلوپەلیان لەبەغداوە موسڵەوە هاوردەو دەکرد بەسەر دوکاندارەکانی قەیسەری هەولێر دابەشی دەکرد لەوانە برنج و قەند و شەکر و چاو و نیسك و نۆك...هتد(عبدالعزیز شاکر، 2019/9/5)، دووەمیان دەستگێڕەکان(براور، 2009، ص252) ، ئەوانە لەسەرتاسەری گوندەکانی هەولێر لەشێوەی کۆمەڵەی بچوك بڵاوببونەوە، ئەوانە پێیان دەووت عەتارەکان یان(دێوەرەکان) بوخچەی گەورەیان پێبوو یان بەسواری گوێدرێژ بە گوندەکان دەسوڕانەوە قوماش و شتی وردەو پێداویستی ژنانیان دەفرۆشت(ئیسماعیل محمد، 2019/8/4)، زۆرجار ئەو جۆرە بازرگانیە ئاڵوگۆڕ بەکەلوپەلەکان دەکرا، ئەوانەی جگە لەم کارە چەندین کاری تریشیان لەگەڵ ئەو بازرگانییە ئەنجام دەدا. وەکو خمچێیەتی(بۆیەکردنی خوری) و جۆلایی.

2. **کشتوکاڵ و مەڕو ماڵات بەخێوکردن**: جووەکان چ لە ئەوروپاو چ لە رۆژهەڵات کەمتر سەرگەرمی کاری کشتوکاڵی بوونە، لەچاو بوارەکانی تری پیشەگەری و بازرگانی چونکە جووەکان ژمارەیەکی کەمیان خاوەن زەوی کشتوکاڵی بوونە ئەو موڵکداریەش بچوك و مام ناوەند بووە(محمود، 2013، ل224)، لەعێراق زیاتر کاری کڕین و فرۆشتنی زەویان دەکرد، نەك بۆ کشتوکاڵکردن بەکاری بهێنن(عبدالرحمن، 2002، ل186)، لەلایەکی ترەوە کەمجار رێکەتووە کوردو جووەکان هەمان پیشە ئەنجام بدەن(زاکین، 2015، ل203)، لەوانیە جووەکان نەیانویستوە خۆیان بەکارێکەوە خەریك بکەن ڕکابەری لەگەڵ کوردەکان بکەن. کشتوکاڵیش هەموو کات پشودرێژی زۆری دەوێت لەوانەیە جووەکان ئەو ئارامگریەیان نەبێت، لەلایەکی ترەوە زاڵبوونی دەربەگ و ئاغاکان جووەکان نەیانویستوە دووجار بچەوسێنرینەوە بەتایبەتی بەشێك لەئاغاکانی هەولێر بەوەناسراون جووتیاریان چەوساندۆتەوە سەرانەیان لێوەرگرتوون(صالح ،2011 ،ل194 ؛ رەش،1980،ل21). ئەو جووانەی کشتوکاڵیان کردووە زیاتر زەویان بەکرێ گرتووە یان بەنیوە لای ئاغاو دەرەبەگەکان کاریان کردووە. بۆنمونە تەواوی ئەو زەویانەی جووەکانی عێراق خاوەنداریەتیان دەکرد پێش چوونەوەیان بۆ ئیسرائیل(100376دۆنم) بوو(زاکین، 2015، ل24)، ئەمەش رێژەیەکی زۆر کەم بوو لە چاو خاوەن زەوی و موڵکدارەکانی عێراق، نزیکەی 3.4% لەکۆی گشتی جووەکان خەریکی کاری کشتوکاڵی بوونە لەو رێژەیەش زیاتر لەناوچە کوردیەکانی موسل بووە(حبیب، 2006، ص51). بریتی بوو لە نزیکەی چوار هەزارکەس، واتا کەمتر لە یەك لەسەر پێنجی سەرجەم دانیشتوانی جووەکانی کوردستان(زاکین، 2015، ل58)، سەبارەت بەلیوای هەولێریش بەرێژەیەکی زۆرکەم خەریکی کشتوکاڵی بوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك بنەماڵەی جوو لە گوندەکانی دەوربەری هەولێر کاری کشتوکاڵیان کردووە، بۆ نمونەی لە گوندی خورخور خێزانێکی جووی بەناوی(صدیق جۆرە) ژیاون کاری کشتوکاڵ و جووتیاریان کردوە بەتایبەتی پیشەی سەرەکیان توتن و گەنم و جۆ کونجی بوو(ئیسماعیل محمد،2019/8/4). لەناوچەکانی خۆشناوەتی کاری رەزوباغاتیان کردوە، یان لەرەزوباغی ئاغاکان کاریان کردووە، لەگوندەکانی دەروبەری کۆیەش بنەماڵەیەکی جوو هەبوونە خەریکی کاری کشتوکاڵی بوونە(مام جەلال، 2019/8/10)، لەرەواندزیش چەند بنەماڵەیەکی جوو کاری کشتوکاڵیان کردووە، بنیامینی دووەم شاری رەواندزی وەك شوێنێکی کشتوکاڵی بەپیت وەسف کردووە((زاکین، 2015، ل287). تێبینی ئەوە دەکرێت زۆربەی ئەو جووانەی لە کوردستان خەریکی کاری کشتوکاڵی بوون لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ ئیسرائیل زۆربەی ژیانی گوندنشینیان هەڵبژارد لەناوچە کشتوکاڵیەکانی ئیسرائیل نیشتەجێبوون، گوندی وا هەبوو تەواوی دانیشتوانەکەی کوردی جوو بوون(زاکین، 2015، ل158).

سەبارەت بەمەڕوماڵات بەخێوکردنیش جووەکان بەوەناسراون کەمتر خەریکی ئەم کارە بوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا جووەکانی ناوچەی دەشتی هەولێر ژمارەیەکیان خەریکی بەخێوکردنی مەڕوماڵات بوونە بەتایبەتی لە گوندەکانی ناوچەی شەمامك لەوانە گوندی (شارە) و (شایان) گوندی جووان بووە، شوێنەواری ئەو گوندانە تائێستا لەسنوری عەوێنە ماوە، هەروەها گوندی کوشافیش گوندێکی جوو بووە هەموویان خەریکی مەڕداری بوونە(سمایل، بەرگ6، 2009، ل2368)، دوای ساڵی 1948 ئەوانە مەڕو ماڵاتی خۆیان فرۆشتوە بەرەو فەلەستین کۆچیان کردوە.

3. **دوکانداری**: ژمارەیەکی زۆر لە جووەکان خاوەنی دوکان بوون، کاری دوکانداریان دەکرد، لە گرینگترین شوێنی بازاڕدا دوکانیان هەبووە، لەناو قەیسەری هەولێر چەندین دووکانیان هەبووە(باراش، گۆڤار، ژ7، ل69)، هەندێك لەجووەکانی هەولێر لەناو

قەیسەری دوکانی قوماش فرۆشتنیان هەبوو لەوانە نەسیم دانی(محمد خدر، 2019/10/1)، هەروەها ئیسحاق عەرەبی و موراد داودی کوڕی نازناوی عەرەبی بۆیە پێوە لکابوو چونکە زۆربەی کڕیارەکانی عەرەب بوون. هەروەها عەبدە بارۆخ و حسقیل ردین سۆر و سلێمان شووعە و منەشی موشی، سلێمان قەڵعەچی(بێخاڵی، بەرگ3، 2015، ل363-364). بێجگە لەو قوماشەی لەبەغداو موسڵەوە هاوردەیان دەکرد بۆ هەولێر ئەوا جووەکان خۆشیان لەو قوماشەی لەرێگەی پیشەی چنینەوە دروستیان دەکرد کە بریتی بوو لە مووی بزنە مەرەز دەیان کردە(ڕانکوچۆخەری کر) بەکوردەکانیان دەفرۆشتەوە(عوسمان، 2011، ل24). هەروەها دوکانی شەکرو چا فرۆشتنیشیان هەبوو، وەکو(موشی سلێمان) خاوەنی دوکانێك بوو لە ناو بازاڕی هەولێر کاری بریتی بوو لە فرۆشتنی قەندو شەکر(سلێمان سمایل2019/9/21). هەروەها ساسۆن ردێن گەورە دوکاندارێکی تری جووی بوو زۆربەی مامەلەی لەگەڵ دوکانداری گوندەکان بوو(بێخاڵی، بەرگ3، 2015، ل363).

4. **پیشەی خم وخمچیەتی[5](ڕەنگ کردنی قوماش):** ژمارەیەکی زۆر لە جووەکانی کوردستان دەست ڕەنگین و پسپۆر بوون لەو کاروپیشانەی کردویانە لەناو شاری هەولێر چەندین دوکان و شوێنی پیشەوەریان هەبوو، یەکێك لەوکارانەی جووەکان لەهەولێر دەیانکرد(خم چێتی )بوو، زۆربەی پیاوانی جووی هەولێر خەریکی ئەم کارە بوونە(زاکین، 2015، ل278)، لەوانە(یۆنا، بەبۆ، ئیسحاق خدرۆ) لەخانی حەسن برایم خمچیاتیان دەکرد، جووەکانی دانیشتووی گەڕەکی تەعجیلی بوو ئەم کارەیان دەکرد(گۆڤار، هەولێر ژ7،2000، ل87) ، جووەکان ئەو مادە خمەیان بە بەرمیل لەدەرەوە دەهێنا، خم بریتیە لەبۆیاغێکی ڕەش قوماشی سپی یان هەرقوماشێکی تر کە ڕەنگی کاڵ بوە پێیان ڕەنگ دەکرد، ئەو خمەش دەخرا ناو مەنجەلێك ئاوی کوڵاو، مووە ڕستراووەکە یان قوماشەکەیان دەخستە ناوی، بەدارێك تێکیان وەردەدا تاوەکو ڕەنگەکەی دەگرت، ئەنجا دەیان چۆڕاندەوە پاشان هەڵیان دەخست تاوەکو وشك دەبوویەوە، ئەو پیشەیە لەشار نەدەکرا بەڵکو لە گوندەکانیش لەلایەن جووە گوندنشینەکانەوە ئەو کارە کراوە.

5. **پیشەی زێڕینگری:** یەکێکی تر لەپیشە هەرە گرینگەکانی جووەکانی زێڕینگری بوو، یەکەمجار ئەو پیشەیە لەلایەن جووەکانەوە هاتۆتە هەندێك لەناوچەکانی کوردستان، لەبەر ئەوەی جووەکان کەسی دەوڵەمەندبوون ئەم پیشەیان دەکرد(دیاکۆ، 2010، ل30)، زۆربەی زێڕینگرەکانی هەولێر جووەکان بوون، کەسی زۆر شارەزاو دەستڕەنگینیان تێدابوو لە دروستکردنی ئەنگوستیلەو بازن و ملوانکە کەرەستەی دیکەی ئەم بوارە، بەناوبانگترین زێڕینگرە جووەکانیش شەریف ئەلیاس و سلێمان بەکرو جەمیل سالح(کەریم، 2009، ل176) ئەو پیشەیە تەنها لەشارەکان ئەنجامیانداوە.

6. یەکێکی تر لە پیشە و دەستڕەنگینی جووەکان دروستکردنی سابوون بوو، بە ڕۆنی زەیتون و بەزی مەڕ دوای تێکەڵ کردنیان لەگەڵ چەند مادەیەك دەیان کوڵاند کە شل دەبۆوە سابوونیان لێدروست دەکرد(بێری، 2013، ل54).

7. **جۆلایی:** یەکێکی تر لەپیشەی جووەکانی هەولێر بوو، ئەم کارە نەك تەنها لەهەولێر لە زۆربەی شارەکانی کوردستان جووەکان دەیان کرد. پیشەیەکی زۆر فراوان و باو بوو ژمارەیەکی زۆر لە جووەکانی هەولێر خەریکی ئەم کارە بوون(زاکین، 2015، 298)، کەرەستەی خاوی مووی مەڕوبزنیان دەگۆڕی بەتایبەتی لە مووی بزنە مەرەز بۆ ڕانك وجۆغەری کریان لێدروستدەکرد، لەخوری مەڕیش پیخەفی نووستنیان دروستکرد بە کوردەکانیان دەفرۆشتەوە. لەهەولێر لەگەڵ جۆلایی کاری بەرگدووریشیان دەکرد بەتایبەتی پیاوەکانیان(براور، 2009، ص261). لەناوچەکانی تر زیاتر ئافرەت بوونە بەرگدوورەکانیان(بروار، 2009، 262).

8. مەی(ئارەق) دروستکردن: یەکێك بووە لەو کارە بازرگانانەی جووەکان دەیان کرد، دەبلیو ئار.هەی لە کتێبی دووساڵ لە کوردستان دەڵێت((جووەکانی هەولێر دەستیان بەسەر دروستکردنی ئارەق داگرتبوو، هەرچەندە بۆ موسڵمان حەرام بوو بەڵام ژمارەیەکی دیاریکراو دەیانخواردەوە))(دەبلیو.ئار.هەی 2010، ل89). لەوانیە تەنها لەشارەکان دروستیان کردووە، لە گوندەکان نەیاتوانیە دروستی بکەن بیفرۆشن بەڵکو تەنها بۆ خۆیان دروست کردووە.

8. **پێستەخۆشکردن**: کارێکی تربوو هەندێك لە جووەکانی هەولێر پێوە خەریك بوون(دەبلیو.ئار.هەی 2010، ل89)، بۆ دروستکردنی پێلاو بەکاردەهات. ئەمەش کارێکی باو بوو لەناو جووەکان. لە شار و گوندەکان ئەم کارەیان دەکرد، بۆنمونە لەگوندی (کەوری) (سالحە جوو) دوکانی هەبووە پێڵاوی لە پێست دروستدەکرد بە کوردەکانی دەفرۆشت(عەیشێ سۆفی حمەدامین 2019/10/16).

---

5 خم: دنکەکانی وەکو زەنگیانە بوو ڕەنگی لەنێوان ڕەش و شیندا بوو، جووەکان هاوردەیان دەکرد، بەزۆری لە بەریتانیاوە، خم دوو ماددەی دیکەی لەگەڵ دابوو تۆزێکی سپی بوو پێیان دەووت قەلیە، ماددەی دووەمیش قسر بوو دوای سوتانی دەبووە تۆز، بەزۆری ئافرەت جلوبەرگی خۆیان پێ ڕەنگ دەکرد، ئەو ڕەنگە لە جۆرە گیایەك دەردەهێنرا پێیاندەووت (هەش) بەزۆری ئەوانەی کار خمچیاتیان دەکردو دەزگای خمچیاتیان هەبوو جووەکان بوون(هەولێر، گۆڤاری ژمارە(7) ساڵی 200).

11. **وەستای بیناسازی**: یەکێکی تر بوو لەو پیشانەی جووەکانی هەولێر، جێ پەنجەیان هەبوو لە دروستکردن و ڕازاندنەوەی شاری هەولێر، ئەو نەخش و سەیروسەمەرانەی گەڕەکی خانەقا، دەستکردی وەستایەکی جوو بەناوی (بنیامین) بوو، لەسەر دەرگای خانووەکانی خەنەقا نووسیویەتی (عمل بنيامين)(سمایل، 2008، ل38).

**2. لایەنی رۆشنبیری جووەکانی هەولێر:**

کردنەوەی قوتابخانە لە زۆربەی شارەکانی عێراقدا، بەهاوکاری کۆمەڵەی یەکێتی ئیسرائیل بوو(البراك، 1984، ص27)، یەکەمین قوتابخانەی جوو سەرەتای و ناوەندی کوڕان لەعێراق لەساڵی(1832ز) بەناوی(مدرسة اليانس)دامەزراوە( حبيب، 2006، ص35). بۆ پەروەردەکردن و فێرکردنی جووەکان، مامۆستایان لەزۆربەی شوێنەکانی دونیا هێنا بۆ وانە وتنەوە( حبيب، 2006، ص27)، لەساڵانی(1920 – 1949) ژمارەی ئەو قوتابیانەی لە قوتابخانەی جووەکان دەیانخوێند دەگەیشتە(10391)قوتابی، بەسەر بیست قوتابخانەی دابەشببوون لەپێنج شاری عێراقدا بەغدا و بەسرا و کەرکوك و حلە و عمارە و خانقين(البراك، 1984، ص28-29)، ژمارەیەك جووەکانی هەولێر لە قوتابخانەی جووەکانی ئەو شارانە خوێندیانە پاشان لەخانەی مامۆستایانی سەرەتایی لەبەغدا دەرچوونە بونەتە مامۆستا، لەوانە: جەودەت دەروێش بنیامین، دانیال قەساب ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لەپەرەپێدانی هونەری وێنەکێشان(هەولێر، گۆڤار، ژ(1)زستانی 1998. ل143-144). پێویستە ئاماژە بەوەبکەین جووەکان لەهەولێر منداڵەکانیان ناردۆتە قوتابخانە حکومیەکان و هاوشانی منداڵە موسڵمانەکانی هەولێر خوێندیانە قوتابخانەی تایبەتیان نەبووە، زۆربەی جووەکانی ناو شاری هەولێر لە قوتابخانەی (ئەربیل ئولا) خوێندیانە زۆرجاریش ڕەگەزی جووەکان بە موساوی تۆمارکراوە(حاجی، 2009، ل113)، بەهۆی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ جووەکان وای کرد زۆربەی موسڵمانەکانی جیهان ڕقیان لە وشەی یەهودی یان جوو بێت، بۆ ئەوەی نەکەوتە بەر تانەوتەشەری خەڵك. بۆنمونە قوتابی ئەو قوتابخانەیە لەوانە لەتیف ئەلیاهۆ، سیومر ناحوم..هتد(ئەرشیفی مۆزەخانەی ئەربیل ئوولا). لەگوندو شارەکانی دەوروبەری هەولێریش لەگەڵ موسلمانەکان لەهەمان قوتابخانە خوێندیانە، بۆ نمونە لەگوندی هەرتەل و بێتواتە، ژمارەیەك لە جووەکان لەگەڵ موسڵمانەکانی ئەوێ لەقوتابخانەیەك دەیانخوێند کە لەساڵی(1937-1939) قوتابخانەیەکی حکومی لێکرابویەوە لە پۆلی(1-3)نزیکەی لەکۆی پەنجا قوتابی 5 قوتابی جوو بوون(عوسمان، 2011، ل85).

بێجگە لە قوتابخانەکان کەنیشتەکانیش شوێنی فێربوون و زانیاری بووە، جووەکانیش هاوشێوەی ئایینەکانی تر لەپاڵ ئەوەی شوێنی پەرستنیان بووە، وەکو قوتابخانە بووە، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو بۆ فێربوون وخوێندنی بابەتەکانی ئایینی(تەورات و تلمود)دا، لەهەولێر دوو پەرستگایان هەبوو یەکێکان لە گەڕەکی تەعجیل بووە ئەوەی تریان(پەرستگای قەڵا) بووە کە ئێستا هەر ماوە، کە نیوەی وەك مزگەوت و نیوەکەی تر وەك حەمامی کۆن ماوە خەڵك سەردانی دەکەن(الزنگنة 2010، ص138). ئەو پەرستگایانە یەکەیەکی گرینگ بوون بۆ جووەکان. زۆربەی ڕێورەسمە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکانیان تێدا ئەنجامداوە.

جووەکانی هەولێر چەندین پلەی زانستیان بڕیوە، چەندین مامۆستاو هونەرمەندو پارێزەرو کەسی بەناوبانگیان لێهەڵکەوتووە، لەوانە دانیال قەساب لە بنەماڵەیەکی جووی شاری هەولێر لەدایك بووە، بەیەکەمین نیگارکێشی هاوچەرخی شاری هەولێر دادەنرێت، لەساڵانی(1920-1950)بە یەکێك لەپێشەنگەکانی هونەری وێنەکێشان دادەنرێت نە تەنیا لەهەولێر بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق. لەساڵانی 1940-1950 بەشداری لەدامەزراندنی دووگروپی شێوەکاریی عێراق( اصدقاء الفن) و(جماعة بغداد للفن الحديث)کردووە. بابەتی وێنەکانی زۆربەی ژیان و گوزەرانی دەشتی هەولێر بوونە، لەکۆتایی پەنجاکان کۆچی کردووە بۆ ئیسرائیل لەوێ کراوەتە راگری هونەرەجوانەکانی تەل ئەبیب(هەولێر، گۆڤار، ژ1، 1998ل143-144)، هەروەها مونیر عوزێر قەساب لەساڵی 1927- یان 1928 لەهەولێر لەدایك بووە، لەبەغدا هونەری وێنەکێشانی خوێندوە، دەوری زۆری هەبووە لەپەرەپێدانی هونەری وێنەکێشان لەهەولێر، چەندین تابلۆی ئەو هونەرمەندە لە ماڵی دەوڵەمەندەکان هەڵواسراوە، لەساڵی1950 کۆچی کردوە بۆ ئیسرائیل(ئیسرائیل-کورد، گۆڤار، ژ8، 2010، ل34). زەکی باروخ لەساڵی 1910 لەهەولێر لەدایك بووە، خانەی مامۆستایانی تەواو کردوە لەساڵی1937/9/14 سەرەتا بۆتە مامۆستا لەقوتابخانەی ئەربیل ئوولا(سجل جماعة المعلمين لمدرسة اربيل الاولى الابتدائية رقم1-2) دواتر لە قوتابخانەی ئەربیلی سانویە دەرسی وتۆتەوە، کەسێکی هونەرمەند و موسیقازان و وێنەکێش بوو، یەکێك بووە لە مامۆستا دڵسۆزو سەرکەوتووەکانی شاری هەولێر(محمد، بەرگ4، 2009، ل1920). شەمعون فرەنسیس و ناجی شائوول یەکێك بوونە لە پارێزەرە بەناوبانگ و سەرکەوتوەکانی هەولێر(بێخاڵی، 2015، بەرگ3، ل363)، لە بواری گۆرانی چەندین هونەرمەندی دەنگ خۆشیان هەبووە لەوانە حسقیل خمچی و نەسیم بازرگان قۆریاتیان وتووە، شارەزایان هەبوو لە ئەدای مقاماتی عێراقی(محمد، بەرگ4، 2009، 1920)، هەروەها ئیسحاقە گولە، یەکێك بووە لەدەنخۆشەکان لەحیران(حاجی سلێمان

بایز،2019/9)، هەروەها موشی خوێز یەکێك بووە لە حیکایەتخوانەکان خەڵکی زۆر گوێیان بۆ حیکایەتەکانی گرتووە(هەولێر، گۆڤاری ژ9،2001، ل31).

**3. لایەنی کۆمەڵایەتی دابونەریتی جووەکانی ناوچە هەولێر:**

جووەکانی هەولێر جگە لەدابونەریتە ئایینیەکان ئەگەرنا لەزۆربەی دابونەریتەکانی تر لەگەڵ کوردەکان و تورکمانەکان وەکو یەك بوونە، ئەستەمبووە کوردێکی موسڵمان و جوویەك لێك جیابکرێنەوە، جووەکانی ناوچەی هەولێر سەرەڕای ئەوەی لەناوخۆیاندا بۆ نوێژو دوعا دروشمە ئایینیەکان زمانی ئارامییان بەکاردەهێنا، بەڵام لەدەرەوە بەزمانی کوردی و عەرەبی هەندێك جار تورکمانی گفتوگۆیان دەکرد(مام عمر عەلی، ../2019/10). دەبلیو. ئار. دەڵێت((جووەکانی هەولێر بەزمانی تایبەتی خۆیان قسەیان دەکردو و دەیانووسی، ئەوان لەشار لەبری کوردی و تورکی حەزدەکەن بەعەرەبی قسە بکەن))( دەبلیو.ئار.هەی 2010،ل89). سەبارەت جلوبەرگیشیان زۆر جیاواز نەبووە لەگەڵ تورکمانەکانی هەولێر، پیاوەکانیان چاکەت و زەبوونیان و کەوێ و سەڵتەیان لەبەر دەکرد. جەمەدانی و مشکی سۆریان لەسەر دەبەست، یان کڵاوی سوورمەچن ومشکی و سرکەیی لەسەر دەپێچا(خەزنەدار،بەرگ5، 2009، ل2044) گەنجەکانیشیان کورتەك و شەرواڵی مرادخانیان لەبەر دەکرد، پێڵاوەکانیشیان یەمانی سۆر بوو لە موسڵ لەپێست دروست دەکرا(محەمەد، بەرگ4، 2009،ل1917)، ئەو جۆرە پێڵاوە جووەکانی لەموسل دروستیان دەکرد. هەندێکیشان پێڵاوی ئاسای ئەو سەردەمیان لەپێدەکرد هاوینانیش نەعلی لەپێستیان لەپێدەکرد، هەر لەهەولێر جووەکان خۆیان دروستیان دەکرد.

ڕێزی زۆریان لەئافرەت ناوە، لەناوخۆیاندا ژنوژنخوازیان کردووە، بەهیچ شێوازێك نەیانویستووە کچەکانیان بدەنە غەیرە جووەکان، بەڵام زۆرجاریش بەزۆر ژنیان لەلایەن کوردەکانەوە لێ هەڵگیراوە یان کچەکە بەئارەزووی خۆی مێردی بە کورد کردووە، زۆربەی کاتیش کچەکە ئایینەکەی خۆی دەگۆڕی، ئایین گۆڕینیش لەنێو جووەکان وەك لەدەستدانی گەورە سەیر دەکرا تاڕادەیەك بە دۆستی مردنی ئەندامی خێزانێك دادەنرا(زاکین، 2015، ل329)، زۆربەی کاتیش بۆ گەڕانەوەی ئەو کچانەی رفێنراون یان شوویان کردووە بە کوردی موسڵمان لیژنەیەکیان لەگەورە پیاوەکانیان پێکدەهێنا بۆ بەدواداچوونی مەسەلەکە، دەبووە هۆی ئەوەی سەرکردە جووەکان بەرەنگاری ئەو کەس و ئاغایانە ببنەوە کە کاری ئایین گۆڕیان ئەنجامداوە هەوڵیاندەدا ئافرەتەکە بهێنەوە ماڵەوەو قایلی بکەن پەشیمان ببێتەوە هەروەکو لەگوندی ئۆمەراوە سەر بەناحیەی قوشتەپە داودە جوو گەنجێکی گوندەکە کچەکەیان هەڵگرت، جووەکان خڕبوونەوە هەموویان هاتنە گوندی ئۆمەراوە بۆ لای ئاغای گوند، داوایان کرد بیگرێنەوە بەڵام ئاغا ڕازی نەبووە بە بیانووی ئەوە کچە بەئارەزووی خۆی بۆتە ئیسلام و شووی کردووە(برهان شێراوەیی، 2019/8/16). لەناو جووەکان ڕێگە بەهێنانی ژنی دووەم دراوە، ئەوەش زۆر بەدەگمەنی(براور، 2009، ص)، ئەگەر ژنی یەکەم منداڵی نەبووبێت یان فریای کارەکانی نەکەوتبێت(براور، 2015، ل210)، چونکە جگە لەوەی کاروباری ماڵەوەیان دەکرد زۆرجار لەکاری چنین یارمەتی پیاوەکانیان داوە. کوڕیان ژنی هێناوە هەر لەگەڵ ماڵ باوکی ماوەتەوە لەکاتی ژنهێنان هەموو مەسرەف لەسەر ماڵە بووك بووە(باوەر، 200، ل68). لەئاهەنگی ژنهێنانیان کوردەکانیان دەعوەت کردوە لەحەوشەی ماڵەکە گۆرانی کوردی و عەرەبی تورکمانی و قۆریات و هەڵپەڕکێیان ئەنجامداوە(محەمەد، 2009، ل1919)، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین هیچ کاتێك کوردەکان کچیان نەداوەتە کوڕی جوو تەنها ئەگەر کوڕەکە ببێتە موسڵمان.

ئافرەتاکانیشیان وەکو ئافرەتی هەولێری کراس و کەوێیان دەپۆشی، هەندێکیشیان جلی مۆدەیان لەبەر دەکرد، ئافرەتەکانی شاری هەولێر خانمەکانیان روویان بەپێچەدادەپۆشت هەندێکیشیان پێچەی ڕەنگاو ڕەنگیان بەکاردەهێنا(محەمەد، بەرگ4، 2009، ل1917) بەڵام لەکۆیە حەوێزی دەڵێت(چارۆکەیان بەشێوەی نیمچە بەسەر دادەدا و رووی خۆشیان دانەدەپۆشی، ئەگەر تووشی پیاوێکی موسڵمان ببوایە دەبوایە روو لە دیواری کۆڵانەکە بوەستێت وەکو ڕێزێك بەرامبەر پیاوە موسڵمانەکە تاوەکو تێدەپەڕێت(حەوێزی، بەرگ2، 1984، ل105-106). لەوانەیە هەر شارو ناوچەیەك شێوازی جلوبەرگی دەستوری جیاواز بوو جووەکان هەوڵیانداوە بەپێی بارودۆخ خۆیان لەگەڵ ئەو شارو ناوچەکە بگونجێن. گەنج و پیرەکانیان شێوازی سەرتاشینیان جیاواز بوو لە موسڵمانەکان ئەوان هەندێکیان زولفیان هەبوو(محەمەد، بەرگ4، 2009، ل1918) پیرەکانیان ڕیشدار بوونە.

هەرکێشەوگرفتێکیان هەبوبێت لای(مالم یان مالوم یان حاخامەکان) چارەسەریانکردوە، مالم ریشێکی درێژی هەبوو عەبای ڕەش و قاوەی لەسەر شان دادەنا، لەگەڵ پەرۆیەکی خانەخانەی شێوە جەمدانی لەسەر دەنا، لەزۆربەی بۆنەکان ئامادە دەبوو لە جەژن و ناخۆشییەکان ژن مارەکردن تازیەو مردن و لەگۆرنان..هتد(عباس ابراهیم سلێمان 20019/10/10). هیچ ئاژەڵێکیان سەرنەدەبڕی گۆشتیان نەدەخوارد تا مالم سەری نەبڕیبایە، جگە لەماسی. هەروەها مالم منداڵیشی سونەت دەکرد(حمەدامین رشید، 2019/7/10). مالم جگە لەشارەکان لەهەندێك گوندەکانیش هەبوو لەوانە لەگوند(عاڵلا) دانیشتووە(سمایل،بەرگ5، 2009، ل2378)، هەروەها لە گوندی باتاس(حمەدامین رشید ابراهیم 2019/7/10) ئەوەش زیاتر بۆ ئاسانکاری ئەو جووانە بووە

لەگوندەکان دانیشتوان نەیانتوانیوە هاتوچۆی شار بکەن، چونکە جووەکان لەزۆر کاروباری ئایینی کۆمەڵایەتی پێویستیان بە مالم بوو. ئەو کاتەی دەهاتە گوندەکە جووەکان بەگەرمی پێشوازیان لێدەکرد بۆ ماوەی شەو رۆژێك دەمایەوە(عەیشێ سۆفی حەمدامین، 2019/10/10).

لەرووی کۆمەڵایەتیەوە هاوسۆزی وپەیوەندیان بەهێز بوو، زۆربەزەیان بەیەکتردا هاتۆتەوە زۆر بەکەمی غەدریان لەیەکتر کردووە بگرە زۆرجار بەماڵ ودارایی یارمەتی و هاوکاری هەژارانی خۆیان کردووە سواڵکەریان نەبووە(براور، 2009، ص212). هەژارو لێقەوماوەکانیان لەسندوقی یارمەتی لە بەیعە کە بۆ هەژارو کەمدەرامەتەکان بوو یارمەتی دەدران(محەمەد،بەرگ4، 2009، 1917)، زۆربەی کاتیش لەشار وگوندەکان لەپاڵ یەکتر ژیاون، گەڕەك و گوندی تایبەتیان هەبووە. لەگەڵ کوردەکان هاوسۆزیان هەبووە لە خەموناخۆش سەردانی یەکتریان کردووە، کوردەکان هەموو جۆرە خواردەمەنیەکی جووەکانیان دەخوارد، چونکە کوردەکان خواردنی جووەکانیان بەخاوێن داناوە، وەکو موسڵمانان منداڵەکانیان سوننەت کردووە(گۆڤار، ئیسرائیل و کورد، ژ4، 2009،ل37).

لەسەر مەسەلەی کوشتن ئەگەر کەسێکیان لێ بکوژرا بەگەورەترین کۆستیان دەدەنا، بەجیدی دەیانویست بکوژەکان تۆڵەیان لێبکرێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو پلەوپایە کۆمەڵایەتیەی هەیانبوو کارێکی لەم جۆرە ئەستەم بوو، بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی ئەو جووانەی لەناوچە گوندنشین و خێڵەکیەکان کوژراون تاڕادەیەك کەم بوو. کوشتنی جووەك دەبووە هۆی کۆچکردنی خێزانی قوربانیەکە یان هەموو جووەکانی ئەو ناوچەیە(زاکین، 2015، ل252). بۆ نمونە بنەماڵەی موشی بنیامین بۆ ماوەی چەندین نەوە لەناوچەی بارزاندا ژیاون ئەو خێزانە لەماوەی سێ ساڵدا چوارجار کۆچیان کردووە لەناوچەکانی سەرکانی و مێرگەسۆر و هاودیان ودیانە گیرساونەتەوە دوو لەو کۆچانە بەهۆی کوشتنی ئەندامانی خێزانێك لەلایەن کوردە هۆزەکیەکانەوە بووە(زاکین، 2015، ل256)، زۆرجاریش بەهۆی تەماحی دونیا بازرگان و دەستگیرەکان لەنێوان گوندەکان دەکوژران نمونەمان زۆرە لەم بارەیەوە لە چاوپێکەوتنەکان.

لەنێو جوولەکان دوو پەرتووک ناوبانگی هەیە، یەکەمیان تەورات وە دووەمیش(تەلەمود)کە لەلایەن حاخامەکانەوە نووسراوە، بریتیە لە چەند یاساو دەستورێکی نهێنی(عوسمان، 2011، ل43)، زۆرنهێنی پارێزبوونە بە زەحمەت شتیان دەدرکاند(میران، 2000، ل9) لە ئایینی جوو بانگەشەکردن بۆ ئایینەکەیان ڕێگەپێنەدراوە کەسێکی جوو ناتوانێت کەسێکی تر ناچار بکات بێتە سەر ئایینی جوو واتا ئاینێکی تەبشیری نیە(البیان، مجلة، العدد 344، 2016)، لەشاری هەولێر پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد پەرستگای تایبەتیان هەبوو، پەرستگا لە گرنگترین دابونەریتەکانی جووەکان بووە، نەك تەنها بۆ نوێژکردن بەڵکو بۆ سەرجەم کاروبارە ئایینەکانیان تێدا ئەنجام دەدا. لەنوێژکردن روویان لەقودس دەکرد، رۆژی شەممە (شبات قوودش- Shabbat kodish) پێدەووت، رۆژی پشوودانیان بوو(ابوشادی، 2005، ص17)، هیچ کارێکیان نەدەکرد، تەنانەت ئاگریشیان هەڵنەدەکرد(براور، 2009، ص309، ابوشادی، 2005، ص17)، بەهەڵکردنی ئاگر شکاندنی پیرۆز ئەورۆژ تووشی سزا دەبوونەوە(براور، 2009، ص309)، جووەك دەڵێت(( هەتا ئەگەر جووەك لەرۆژی شەممەدا جگەرەی کێشابوایە، بەس بوو بۆ ئەوەی بە ناجوو لەقەڵەم بدرێت))، تەنانەت دوورمان و دڕاندن و سەربڕینی ئاژەڵ و پەلەوەریان لێ قەدەغەبوو بۆیە رۆژی هەینی بەر لەرۆژئاوا بوون شیویان لێدەنا لەسەر پشکۆیان دادەنا تا ساردنەبێتەوە بۆ ئەوەی بەیانی شەممە بەگەرمی بیخۆن زیاتر کفتەیان لێدەنا(رابیعە پیرداود، 2019/8/18). خواردنیان دادەنا تا ئێوارە درەنگ تا حەوت ئەستێرە دەردەکەوت ئینجا نزیك ئاگرەکە دەبوونەوە نانەکەیان دەخوارد(ئیسرائیل-کورد، گۆڤار، ژ14، 2010، ل30) رۆژی شەممە جلوبەرگی پوخت و جوانیان لەبەر دەکرد، ئەگەر پۆشاکێکی نوێشیان بدووریایە سەرەتا دەبوایە لەرۆژی شەممە لەبەری بکەن، دەچوونە سەیرانگاکان بەخۆشی رایاندەبوارد(بێخاڵی، 2015، ل358). هەروەها لەمانگی سەرماوەرزی دوا رۆژەکانی مانگی تشرینی دووەم جەژنێکیان هەبوو پێیدەڵین(سەهرانە) بەعیبری پێیدەڵێن(سوکۆت)(ئیسرائیل-کورد، گۆڤار، ژ16، 2010، ل6)، لە دەشتی هەولێر پێیان دەووت(کەپرە شینە) جەژنی باران بارین و وەرزی زستان و تۆبە و جەژنی سەری ساڵیان بوو، دەیانووت لەو رۆژە خودا موسا و بەنی ئیسرائیلی لەدەست فیرعەونەکان رزگارکردووە، لەورۆژە کەپرێکیان لە دار مورتك دروست دەکرد دەیانڕازاندەوە بەهێلەکەی ڕەنگاو ڕەنگی برژاویان پێ هەڵدەواسی لەگەڵ جۆرەها میوەی وشکراوە، وە ڕێحانی بۆنخۆش، ئەو جەژنەش بۆماوەی سێ رۆژ بوو هەرسێ رۆژیش جۆرەها چێشتیان لێدەنا، (هەرچەندە بێخاڵی ئەو جەژنە بە دە رۆژی دادەنێت) زۆرجار ئەو کەپرە دەمایەوە هەتا باران دەباری ئینجا تێکیان دەدا(سمایل ،بەرگ5، 2009، ل2371). لە هەولێر ئەو کەپرەیان لەنزیك منارە دروست دەکرد(محەمەد،بەرگ4، 2009، ل1918)وادیارە لەو رۆژە موسڵمانەکان سەردانیان کردوون پیرۆزباییان لێکردووون.

سەبارەت بەپرسەو مردنیش جووەکان جیاواز بوون لە کوردەکان، جووەکان گۆڕستانی تایبەت بەخۆیان هەبووە یەکێك لەگۆرستانە کۆنەکان و تایبەتە بە جووەکانیش دەکەوێتە گەڕەکی ئاشتی، حکومەتی عێراقی ئەو کات، دوای کۆچکردنی جووەکانی ئەو شارە

هەولێدا ئەو گۆڕستانە تێکبدات، بەڵام یاساو دەستوری ئایینی ڕێگە پێنەدا، تەنها دوای دەرچوونی یاسای بەرێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر بەگوێرەی یاسا ئەو گۆڕستانە تێکدرا هەندێك لە لاشەكانیان گواستەوە بۆ گۆڕستانەكانی تر(ئێستا ئەو ناوچەیە گەڕەكی ئاشتی -سەیداوە ناسراوە). گۆرستانێکی تر جووەكان دەكەوێتە شەقامی شێخەڵلا، بەڵام بەهۆی پەرەسەندن و فروانبوونی هەولێر ئەو گۆرستانە تێکدراوە. کەوتۆتە ژێر باڵاخانەکانەوە. لە دەرەوەی هەولێر لە چەند شوێن گۆڕستانیان هەبووە لەوانە گۆرستانێکی گەورەیان لە دۆڵی(حەوشۆڕ)لەنزیك گوندی(چل هەوێز) بووە، تا سەردەمی زوو جووەكانی ناوچەی دەشتی هەولێر مردووەكانیان تێدادەناشت(سمایل، بەرگ5، 2009، ل2368). گۆرستانێکی دیکەش لە مەخمور هەبووە تەنها شوێنەواری ماوەتەوە، لەباتاس گۆرستانێکی تریان هەبووە(حمەدامین رشید ابراهیم، 2019/7/10). هەورەها لە لەرۆژئاوای گوندی توتمەی كۆنی خۆشناوەتیش گۆرستانێکیان هەبوو بەناوی(كانیێ گۆرێ)(حاجی قادر، 2019/10/12)، بەشێوەیەکی گشتی لەزۆربەی شارو شارۆچکەو گوندەکان گۆرستانی تایبەت بەخۆیان هەبووە. جووەكان ئەگەر لەگەڵ جەنازە بڕۆیشتنایە دەبوایە بەردێك لەگەڵ خۆی ببات وەك نیشانەی خۆشەویستی(بێخاڵی، 2015، ل362)، زۆرجاریش مردووەكانیان بەنهێنی ناشتووە، هەندێ سەرچاوە ئەو کارە بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە گوایە جووەکان بڕوایان وابوو کەسی غەیرە جوو مردوویان لەگەڵ بنێژێت ئەوا کەسێکی دیکەیان لێدەمرێت( ئیسرائیل-کورد، گۆڤار، ژ14، 2010،ل30). کاتێك مردووەکەیان دەناشت روویان لەرۆژهەڵات دەكرد واتا لەقودس، لەسەر تەنیشت درێژیان دەكرد، سەرەکەیان وەکو سەکۆ لێدەکرد و کێلیان نەدەچەقاند، ئینجا مالم چەند ئایەتێکی تەوراتی لەسەر دەخوێندەوە پاشان دوعای بۆ دەکردوو لەکۆتایی هەموویان دەیانووت ئامین(حمەدامین رشید ابراهیم، 2019/7/10)، وە جووەکان ئەگەر کچێکی مێردنەکردوویان بمردایە دەیانشووشت و زێرو گوارەو جلوبەرگی بوکێنیان لەبەر دەکرد، پارچە زێرێکی بچوکیشیان لەژێر زمانی دادەنا ئینجا دەیانشاردەوە، بەڵام کە زانیان کوردستان بەجێدەهێلن وازیان لەو نەریتە هێناوە(کوردە، 2003، ل73). حەزیان لەپاك و خاوێنی گۆرستان بوو لەبەر پەلك وپال هیچ درەختێکیان نەدەچاند(بێخاڵی، 2015، ل362). جووەكان پرسەیان بۆ مردووەكانیان داناوە موسڵمان سەردانی کردوون و بەپێچەوانش جووەکان هاتونەتە تازیەی کوردەکان مالم برێك بەپێوە ڕادەوەستا ئەوجا دادەنیشتن و بەخێرهاتنیان دەکردن ئەوانیش دەیانگووت(ئەنگۆ خۆش بن)(حەوێزی بەرگ2، 1984، ل107). لەمردنی دایك باوك بۆ ماوەی دوازدە مانگ تازیدار بوون، لەمردنی خوشك و براو منداڵ و ژن مێرد سی رۆژی دەخایەند(بێخاڵی، 2015، ل362).

### 3. هەڵوێستی جووەكانی هەولێر بەرامبەر بە پێشهاتە سیاسییەكان:

دوای بەستنی کۆنگرەی سان ریمۆ لە نیسانی ساڵی 1920 عێراق و فەلەستین دەكەوێتە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا، جووەكان لەسەرتاسەری دونیا ئاهەنگ دەگێرن(بەڵگەنامە https://www.marefa.org)، حكومەتی كاتی عێراق دادەمەزرێت، بۆ یەكەمین جار جوویەك بەناوی ساسۆن حسقیل دەبێتە وەزیری دارایی عێراق(المشهدانی، 1992، ص13). دوا ئەوە كۆمەڵێك كێشەی سیاسی و یاخیبوون دژی بەریتانیا سەریهەڵدا، لەساڵی 1921 كۆنگرەی قاهیرە بەسترا بڕیاردرا كەوا دەوڵەتی عێراق دابمەزرێت، فەیسەلی كوڕ شریف حسێن[6] بكرێتە مەلیكی عێراق(البرقاوی، 1980، ص35) ئەویش دوای راپرسیەك، بانگەشەی ئەوە كرا 96% خەڵكی عێراق بە مەلیك فەیسەك رازین، لە23ئابی ساڵی 1921 لە ئاهەنگی فەرمی تاجی لەسەرنا، بوو بەیەكەمین مەلیكی عێراق(چارلز تریب، 2013، ل63). پێكهاتەكانی عێراق هەڵوێستیان جیاواز بوو لەهاتنە سەردەسەڵاتی مەلیك فەیسەڵ، لەلایەن كوردەكانەوە پاڵپشتی گەورەی لێنەكراوە، خەڵكی سلێمانی دەنگیانەداوە، خەڵكی هەولێرو كەركوكیش بەمەرج دەنگیاندا، بەهۆی سونی بوونیەوەش پاڵپشتیەكی فروانی شیعەی لەدەستدا، هەرچی جووەكانی عێراقیش بوو بەهۆی هاتنە سەر دەسەڵاتی مەلیك فەیسەڵەوە خۆشحاڵ بوون(چارلز تریب، 2010، ل55-65). لە ساڵی دوای ئەوەی مەلێك فەیسەڵ وەكو پاشای دەستوری بۆ عێراق هەڵبژێردرا، بۆ ئەو مەبەستە خەڵكی عێراق بەزۆربەی چین وتوێژەكانەوە ئاهەنگیان گێرا، جووەكان بەشێوەی جیاواز ئاهەنگیان گێراو، كوریە بەم شێوەیە وەسفی دەكات(( لە رۆژی 18/تەموز/1921 جووەكان لەخانەی حاخامییەكان لە بەغدا وەك رێزلێنان لە ئەمیر فەیسەڵ ئاهەنگی گەورەیان سازكرد، لەو ئاهەنگە پیاوە ماقولانی وڵات و گەورە فەرمانبەرانی حكومەتی بەریتانیا ئامادە بوون، ئەو شوێنەیان بەخشل رازاندبۆوە.....هەر لەو ئاهەنگە مەلیك فەیسەڵ سوپاسی بێ پایانی هاوڵاتیانی جووەكانی عێراقی كرد(كورية، 1998، ص30-31). دیارە جووەكانی هەولێرش بەدەرنەبوونە لەجووەكانی پارچەكانی دیكەی عێراق خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر بە بوونی

---

6مەلیك فەیسەڵ: ساڵی 1885 لە تایف لەدایك بووە، سەرەتایی لە تایف خوێندویەتی لە ساڵی 1896 چۆتە ئەستەنبوڵ لەوێ فێری زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بووە، ماوەی دووساڵ مەلیكی سوریا بووە، لە ساڵی 1921 هاتۆتە عێراق، هەوڵیداوە نەچێتە ژێرباری هەموو داواكاریەكانی بەریتانیا، لە9/7/ 1933 لە سویسرا كۆچی دوایی كردوە، خەڵكی عێراق ئینگلیزەكان بە كوشتنی فیسەڵ بە ژەهر تۆمەتبار كردوە بۆ زیاتر زانیاری بروانە(الحسنی، 1935، ص 25).

مەلیك فەیسەڵ بە مەلیكی عێراق. بەتایبەتی مەلیك فەیسەڵ بەوەناسراوە پشتگیریەكی باشی جووەكانی عێراقی كردووە( السودانی، 1980، ص21) چەند ناوەندێكی ئایینی بۆ جووەكان كردۆتەوە لە موسڵ و بەغداو بەسرا و خانەقین(باوەر، 2000، ل38).

لە 19تشرینی دووەم ساڵی 1924 مەلیك فەیسەڵ سەردانی هەولێری كرد، پێشوازیەكی گەرمی لێكرا لە لایەن هەموو چین و توێژەكانەوە، لەنێویشیان جووەكان بوو، تەنانەت یەكێك لە وێنەكێشەجووەكانی هەولێر بەهۆی كێشانی وێنەی فەیسەڵەوە لەلایەن مەلیك فەیسەڵەوە رێزی لێنراوە، بەهاتنی بۆ هەولێر خۆشحاڵ بوونە بەتایبەتی دوای ئەوەی مەلیك فەیسەڵ لەوتارێكیدا باسی وەزعی سیاسی عێراق جیاوازی پێنەكردنی تایفی و نەتەوەیی لەنێوان نەتەوە دەكات(موفتی، برگ5، 2009، ل1554)، دوای مردنی مەلیك فەیسەڵ لە رۆژی 1933/9/8 مەلیك غازی بوو بەمەلیكی عێراق شوێنی باوكی گرتەوە، هەڵوێستی جووەكان وەكو بەشێك لە پێكهاتەكانی عێراق هاوسۆزی و لایەنگیری خۆیان بۆ مەلیك غازی دەربڕیوە، دیارە جووەكانی هەولێریش بە بوونی مەلیك غازی بە مەلیكی عێراق خۆشحاڵ بوونە. بەمردنیشی لەساڵی 1939 ماتەمینیان گێراوە، ئەوا هەر ماڵەو ئاڵایەكی ڕەشی هەڵكردووە غەمباری خۆیان نیشانداوە بەرامبەر بە مردنی مەلیك(سمایل، 2018، ل204).

بزووتنەوەی مایسی 1941بەسەركردایەتی رشید عالی گەیلانی هەڵگیرسا، كوردستان وەكو گشت ناوچەكانی تری عێراق بەجارێك خرۆشان رۆژنامەكانی ئەو سەردەم بروسكەی پشتگیریان بۆ ئەم بزووتنەوەیە بڵاوكردەوە(مەزهەر، 2001، ل130) زۆربەی زۆری شارەكانی كوردستان خۆنیشاندان روویدا لەنێویشیاندا شاری هەولێر پێشەنگ بوو بۆ پاڵپشتی كردنی ئەو بزووتنەوەیە(رسول ، 2005، ل173)، لەرۆژانی ئەو بزووتنەوەیە دانیشتوانی ئەو شارە دژایەتی خۆیان بۆ ئینگلیزەكان دەربڕیوە، وە چەندین كەسایەتی هەولێر بەشداری لەو بزووتنەوەیەدا كردووە(بروانە الحسنی، 1982، ص173-174، مەزهەر، 2001، ل130)، ، بەشێك لەرۆشنبیریەكانیش هاوسۆزیان هەبوو بۆ ئەلمانەكان بەهۆی ئەو پروپاگەندەی نازییەكان(مەزهەر، 2001، ل148)، هەروەها موفتی و مەلاكانی هەولێریش فتوای جیهادیانداوە دژ بەئینگلیزەكان(البارزانی، 2002، ص112).

سەبارەت بارودۆخی جووەكانیش لەو ماوەیەدا دیارە جووەكان لایەنگیری ئینگلیزەكان بوونە لەسەرچاوە مێژوویەكانی جووەكان بزووتنەوەكەی گەیلانی بە كودەتا ناو دەبەن، دوای چەند مانگێك پروپاگەندە دژی بەجووەكان زیادی كرد، ترس و نارحەتی بەناو كۆمەڵگای جووەكان بڵاوبوویەوە، ئەو ترس تۆقاندنە ناوچە كوردیەكانیشی گرتۆتەوە، جووەكانی هەولێریش تووشی ترس و دڵە ڕاوكێ بوونە چونكە جووەكان بەوە ناسرابوون لایەنگیری ئینگلیزەكان بوون، بەتایبەتی ئەو بزوتنەوەیە بەتوندو تیژیەوە لەلایەن ئینگلیزەكانەوە سەركوت كراوتەوە دووجاریش فرۆكەی ئینگلیزەكان سەربازگەی هەولێریان بۆردومان كردوە(بێخاڵی، گۆڤار، هەولێر، ژ2، 1999،ل72)، بەڵام بەگشتی ئەو گرژیو ئالۆزیانەی عێراقی گرتۆتەوە، كوردەكان لەناوچەكانی كەركوك و سلێمانی و هەولێرو دهۆك بەزەییان بەجووەكاندا هاتۆتەوە، زیانی جەستەیان لێنەداون، تەنها كۆیە نەبێت هەندێك ئاماژە بەوە دەكەن چەند پەشێویەك دروست بووە دژ بەجووەكان بەڵام بەهاوكاری كاكەزیاد و شێخ مەلا حەوێزی كێشەكانی چارەسەر كردووە(زاكین، 2015، ل391). لەراستیدا لەهەولێر ساڵانێكی زۆر جووەكان شانبەشانی تەواوی هاوڵاتیانی كوردو توركمان كاروباریان زۆر بە ئازادانە بەڕێوەبردووە، بەڵام بیرۆكی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیلی وایكرد ئەوانە ئارامیان لێ تێكبچێت، هەروەكو جووەكی دانیشتووی ئیسرائیل دەڵێت((پەیوەندیمان لەگەڵ كوردەكان زۆر باش بوو، ئێمە وەك برا بەیەكەوە دەژیان تاوەكو دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل دوای ئەوە درزێكی گەورە كەوتە نێوانمان))(گۆڤار، ئیسرائیل-كورد، 2010، ژ17، ل28). لەلایەكی ترەوە چەند بزووتنەوەیەكی ڕەگەزپەرستی دروست دەبێت هانی جووەكان دەدات بۆ كۆچ پێكردنیان بەرەو زەوی میعاد، ئەویش لەرێگای دەركردن و بڵاوكردنەوەی چەندین رۆژنامە و دروستكردنی چەندین قوتابخانەی یەهودی لەعێراق لەلایەن بیانیەكانەوە، مامۆستایانی بیانی بەلێهاتوویی ژەهری ڕەگەزپەرستیان لەنێو قوتابییەكان بڵاودەكردەوە رۆڵیكی بەرچاویان هەبوو لەكۆچ پێكردنی جووەكان لەعێراق، بەتایبەتی ئەو سیخوڕە جووە ئەوروپیانەی چەندین ئاژاوە تەقینەوەیان دروستكرد لەشارەكانی عێراق، وایان بڵاوكردەوە كە داهاتووی جووەكان لەعێراق نیە، پێویستە بەزووترین كات كۆچ بكەن. لەمانگی حوزەیرانی ساڵی 1941 ترسناكترین رووداو بەسەر جووەكانی بەغدا داهات ناسراوە بە(فەرهود) كەوتنە بەر تاڵانكردن زیانی ماددی وگیانی زۆریان لێكەوتەوە ئەم رووداوە ڕاتەكانێك بوو بۆ جووەكانی عێراق بەكوردستان هەولێریشەوە بیر لە كۆچكردن بكەنەوە بەرەوە فەلەستین، هەرچەند بەپێی گێرانەوەكان ئەو جووانەی لەناوچەكانی هەولێر بوونە تووشی هیچ زیانێكی ماددی و گیانی یان تاڵانكردن نەبوونەتەوە بەڵام بەهۆی هاندانی رێكخراوی رەگەزپەرستی جووەكان لەزۆربەی شارەكانی كوردستان وایكردووە بیر لەكۆچكردن بكەنەوە ناوچەی هەولێریش هەریەك لە رێكخراوی یهودا و و بزووتنەوەی حالوتس(واتە پێشڕەو) لەژێرناوی (طبریا)(مرعی،2013، ص18)،ناسرابوو هەروەها صالح یوسف نوری ڕۆلی سەرەكیان هەبوو لەرێكخستن و كۆچ پێكردنی جووەكانی هەولێر، بەپێی سەرچاوەكانیش جووەكانی هەولێر زۆرترین هاوكاری ماددی ئەو رێكخراوی زایۆنیزمانەیان كردووە (مرعی، 2008، ص18).

### 4. کۆچی بەکۆمەڵی جووەکانی لیوای هەولێر بەرەو فەلەستین[7]

سەبارەت بەپەیوەندی جووەکانی عێراق و کوردستان بە ڕێکخراوی زایۆنزمی، سەرەتای چالاکی ئەو بزووتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی1921 دوای ئەوەی لقێکی ئەو ڕێکخراوە بەسەرۆکایەتی( هارون ساسون) لەشاری بەغدا کرایەوە. ئامانجی ئەو بزووتنەوەیە لەعێراق بریتی بوو لە کۆکردەوەی پارەو هاندانی جووەکانی عێراق و کوردستان بۆ کڕینی زەوی و کۆچکردنیان بۆ فەلەستین(قادر، 2013، ل336). پەیوەندی جووەکانی هەولێر بەرێکخراوی زایۆنزمی لەڕێگای(نوریئیل)ەوە بووە، سەرۆکی تایفەی جووەکانی هەولێر بوو، کاری کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی بوو بۆ(کیری کایمت- کۆمەڵەی نەتەوەی جوو) لقێکی لەشاری بەغدابوو هانی جووەکانی دەدا بۆ کڕینی زەوی لەناوچەکانی فەلەستین، لەساڵی 1927 سەرۆکی جووەکانی هەولێر بانگەشەی کۆنگرەی پانزەهەمی زایۆنزمی دەکرێت، بەڵام لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە ڕێگری لێدەکرێت(مرعي، 2008، ص17).

لەساڵی 1948 بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی دەکرێت، زۆربەی وڵاتە گەورەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی دانیان نا بەو دەسەڵات و قەوارەی لە ئیسرائیل هەیە، ئەو ماوەیە بەدیارترین قۆناغی کۆچکردنی جووەکان دادەنرێت، زۆربەی وڵاتانی جیهان بەعێراقەو کوردستانیشەوە بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد(باوەر، 2000، ل104). لەناوەڕاستی ساڵی 1949 حکومەتی عێراق ڕێگەیدا بەو جووانەی ئارەزووی کۆچکردنیان هەیە بەمەرجێ دەسهەڵگرن لە(جنسیە)ی عێراقی بەمەش نزیکەی 63000کەسیان کۆچیان کرد لەڕێگەی هێڵی ئاسمانی ئەمریکیەوە بەرەو ئیسرائیل(أفاق، مجلة، عدد6، 1987،ص15)جووەکانی هەولێریش رەگەزنامەی عێراقیان لێساندراوەتەوە موڵکەکانیشیان تجمیدکراوە لەوانە: ئیبراهیم حسقیل شەمعوون، نیسان حسقیل ئیسحاق، ئەسلان ئاهو، حابە شبۆ یوتونیسام عبدولنەبی و هاوبەشەکانی، ساسۆن حاخام شبل، یوشو نوری، شدرە برایمۆ ...هتد هەمووشیان لەگەڕەکی تەعجیل بوون(بەڵگەنامەی شارەوانی هەولێر، سەرداری، بەرگ1، 2009، ل146).

لەساڵی 1950 سالح جەبری وەزیری ناوخۆی عێراق پرۆژە یاسایەکی خستە بەردەم پەرلەمان وای چەسپاند هەموو جووەکانی عێراق بە کوردستانیشەوە ئارەزووی کۆچکردنیان هەیە، یەکێك لە وتەکانی دەیووت(( بەهیچ شێوەیەك لەبەرژەوەندی عێراقدا نیە داوا لەجووەکان بکات لەعێراق بمێنەوە))(کوریە، 2013، ل144؛ صقر، بدون سنة طبع، ص35)، ئەمە فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ کۆچکردنی جووەکان، دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل لەزۆربەی وڵاتان کاریان دەکرد بۆ گواستنەوەی جووەکان، هەروەها هەواڵگرە ئەڵمانیەکانیش لەرێگەی پرۆپاگەندو هاندانی موسلمان دژی جووەکان و تۆقاندن و تەقینەوەو تاوانبارکردنی جووەکان((Гринберг, 2017, Cjewish.ru) بەناچاری کۆچ بکەن چونکە لەزۆربەی چاوپێکەوتنەکانی بەند لەگەڵ کەسە بەتەمەنەکان ئاماژە بەوەدەکەن هەتا پێش دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل جووەکان لەکوردستان کێشەی خاك و نەتەوەیان نەبووە زۆر دەمێك بوو پەیوەست بوون بەخاکی کوردستانەوە، هەروەکو خەڵکە ئاسایەکە ژیاون تەنانەت لەدابونەریت وجلوبەرگیش هەروەکو کوردەکان هەڵسوکەوتیان کردووە، نیسان عەمران دانیشتوی ئیسرائیل تەمەنی 90 بەسەرەوەیە دەڵێت(( ئێمە وەکو خوشك و برا دەژیان، بەڵام مخابن ئێمە لەساڵی 1951 لەلایەن رژێمی عێراقەوە دەرکراین بۆ ئیسرائیل لەکوردستانی خۆشەویست دابڕاین))(گۆڤار، ئیسرائیل-کورد، 2010، ژ17، ل28)، بەڵام دوای بڵاوبونەوەی ترسی جووەکان بۆیان دەرکەوت داهاتوویان لەم خاکە نیە بۆیە وردە وردە لەرێگای رێکخراو و بزووتنەوەی زایۆنزمی کۆچیان کرد بەرەو ئیسرائیل. بەشێك لە جووەکانی کوردستان و ناوەڕاستی عێراق خۆیان بەپیادە لە رێگای قەسری شیرین پەنایان بردۆتە بەر ئێران لەوێشەوە بەرەو فەلەستین، بەشێکی تریان بەتایبەتی جووەکانی هەولێر ئامێدی موسل و زاخۆ لەرێگەی تورکیاوە خۆیان گەیاندۆتە ئیسرائیل، ئەوانەی ناوچەکانی باشووریش لەرێگەی شط العرب بەبەلەمی بچوك خۆیان گەیاندۆتە عەبادان و ئێران(باوەڕ، 2000، ل106). بەشێوەیەکی گشتی ساڵی1950- تا

---

[7] یەکەمین کۆنگرەی جیهانی جووەکان لەشاری بازل ی سویسرا لە8/27/ 1897 بەسەرکردایەتی تیۆدۆر هرتزل بەسترا بەئامادەبوونی 204 ئەندامی گەورەی جوو لەسەر ئاستی جیهان، هەر لەو کۆنگرەیە رێکخراوی زایۆنزمی جیهانی دامەزرا، تاساڵی 1904 هرتزل خۆی بەرێوەی دەبرد، بیروبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەمەسەلەی جووەکان پیشاندا لەکتێبەکەی یەکەمی بەناوی (دەولەتی جووەکان) بلاو کردەوە لای جووەکان بەتەوراتی زایۆنزمی ناسراوە(دیڤز، 1970، ص12). هرتزل هەوڵیدا سوڵتانی عوسمانی(عبدالحمید دووەم) رازی بکات بەوەی فەلەستین بکات بە نیشتیمانی جووەکان، بەڵام سوڵتان رازی نەبوو(الحلاق، بدون سنة، ص11) دواتر هرتزل لەگەڵ بەریتانیا کەوتە وتوێژ بۆ ئەوەی بیابانی سینای میسریان پێ بدات، دواتر پرۆژەی (ئۆغەنەدا)یان هێنایە کایەوە، بەڵام زۆربەی جووەکان دژی ئەو هەوڵانەی هرتزل بونەوە ئەمەش لەبەر ئەوەی جووەکان تەنیا خاکی فەلەستینیان دەویست. لەدوای هرتزل (هاییم وایزمان) سەرۆکایەتی رێکخراوی زیۆنیزمی دەکرد، کەسێکی ناسراو بوو لە لایەن وڵاتانی زلهێزی وەك بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە ڕۆڵی ئەو (بەڵێنی بەلفۆر) مۆرکرا کە دامەزراندنی(دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ جوەکان لەفەلەستین) لێکەوتەوە لەلایەن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەسەر داخوازی وایزمان و جووەکان(مجلة، قضايا اسرائيلة، عدد65، ص10).

1951 بەشێوەیەکی کرداری هەموو جووەکانی کوردستان بەرەو ئیسرائیل کۆچیان کرد(.энциклопедии, в 2005–2006 гг)، لەساڵی 1954 تەنها 24 ماڵ لە کوردستان ماونەتەوە.

| لەساڵی 1954 | | |
|---|---|---|
| شار | بنەماڵە | |
| هەولێر | نیە | چەند بنەماڵەیەك لەشاری هەولێر مابونەوە خۆیان بەموسڵمان لەقەڵەمداوە ژمارە دەگەیشتە 54کەس زۆربەیان خزم وکەسی یەکتر بوون، لەساڵی 1994کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل بەشێکیان گەرانەوە سەر ئایینی جوو، بەڵام هەندێکیان نەیاتوانی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای جووەکانی ئیسرائیل بگونجێنن، لە ساڵی(2005) چوارکەسیان گەڕاونەتەوە ئیستا لەهەولێر دادەنشن موسڵمانی تەواون(هیوا احمد محمد صالح، 2019/9/10) |
| سلێمانی | 6 | |
| موسل | 13 | |
| کەرکوك | 5 | |
| سەرجەم | 24 | |

کۆچکردنی بەکۆمەڵی کوردستان بەتایبەتی لیوای هەولێر پەیوەستە بە رۆڵی (صالح یوسف نوری) بەیەکێك لەسەرکردە دیارو کاریزماکانی جووەکان دادەنرێت، ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لەهاندان و کۆچ پێکردنی جووەکانی هەولێر. سەرکردەی رێکخەری کۆچە بەکۆمەڵەکان بوو(زاکین، 2015، 239). کۆچی جووەکانی هەندێك لەناوچەکانی هەولێر بەبێ ترس نەبووە بەتایبەتی ئەو هەست و سۆزە ئایینیەی لە جیهانی عەرەبی و عێراق دروست ببوو لەلایەن موفتییەکانەوە بەرامبەر بەفەلەستین ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر خەڵکی ناوچەکانی هەولێر لەبەچاوێکی دوژمنانەوە دەیانڕوانییە ئەو جووانەی دەیانوویست کۆچ بکەن، بەتایبەتی بەشداریکردنی عێراق لەساڵی 1948 لەشەڕی فەڵەستیندا زیادبوونی قوربانیانی عێراقی(کوردیشی تێدا بوو)، بەرزبوونەوە نارەزای دژ بە جووەکان زیاتر بوو، هەر بۆ نمونە جووەکانی سۆران(دیانا) لەبەرەبەری خۆئامادەکردن بوون بۆ کۆچکردن بۆ ئیسرائیل،(موشی بنیامین) نوێنەری جووەکان سۆران بۆ داواکردنی هاوکاری لەسەرکردایەتی جووەکان بەرەو هەولێر بەرێکەوت، بۆ ئەوەی ناویان تۆمار بکەن ڤیزە وەربگرن، دەبوایە چووبانە شاری رەواندز کە زۆر دوور نەبووە بەڵام لەوە دەترسان لەرێگە بکوژرێن چونکە خەڵکی ناوچەکە دەیانووت ئەو جووانە دەچنە خاکی فەلەستین نابێ رێگەیان پێبدەین دەبێ بکوژرێن(زاکین، 2015، ل239). موشی بنیامین سەردانی صالح یوسف نوری سەرکردەی دیاری جووەکانی لەهەولێر کرد، مەترسیەکانی خۆی دەربڕی بەوەی کوردەکان کچەکانمان دەرفێنن ئەگەر یارمەتیمان نەدەن، صالح یوسف هەوڵیدا نوێنەری جووەکانی سۆران رازی بکات چەند مانگێکی تر دان بەخۆیان دابگرن، چونکە هێشتا کەس لەهەولێر بەرێ نەکەوتبوو، بەڵام جووەکانی سۆران لەوکاتە دەیانویست کۆچ بکەن تەنانەت پێیان باشتر بێنە هەولێر لە پەرستگا بمێنەوە(زاکین، 2015، ل239)، ئەمەش لەوانەیە بەهۆی خراپی باردۆخی ژیانیان و بوونی مەترسی لەسەر ژیان و ماڵی جووەکانی سۆران بۆیە پەلەیان کردووە لە کۆچکردنیان پێش جووەکانی ناو شاری هەولێر. لەکۆتاییدا صالح یوسف داوا لەموتەسەریفی هەولێردەکات بۆ ئەوەی فەرمانێك دەربکات جووەکانی سۆران بهێنرینە هەولێر هەرچەند موتەسەریف باوەڕی نەدەکرد ئەوانە جوو بن چونکە ئەوانە نەزمانی عەرەبیان دەزانی نە زمانی عیبری تەنها دەیانزانی بەکوردی بدوێن(زاکین، 2015، ل240). لەکۆتایدا موتەسەریف رازی بوو بە گواستنەوەیان، جووەکانی سۆران هەموو هاتنە هەولێر بەشێکی زۆریان لەپەرستگاکان مانەوە خۆ ئامادەکاریان بۆ کۆچکردن کرد لەسەرەتا لەبەغدا دەمانەوە هەتاوەکو نۆرەیان دەهات پاشان بە فرۆکە بەرەو ئیسرائیل دەفڕین(زاکین، 2015، ل240). جووەکانی هەولێر لەساڵی 1948 لەقۆناغی یەکەم زیاتر گەنجەکانیان کۆچیان کرد، لە قۆناغی دووەم ئافرەت و پەکەوتەکانیان کۆچیان کرد، جووەکان پێشوەختە چەند مانگێك زووتر خۆیان ئامادە کردبوو زۆربەی خانوبەرەو مڵك ماڵی خۆیان بەپارەیەکی کەم فرۆشت زێڕو لیرەی زێڕیان کڕی بۆ ئەوەی بەئاسانی لەگەڵ خۆیان ببەن، لەوکاتەی ئامادەبوون هەولێر جێبهێلن کە سواری شەمەندەفەر بوون ئافرەت و پیاو منداڵ و گەنج هەموویان بەیەکەوە دەگریان(گێرانەوەی حاجی سەعید عبدالای کورەچی، محەمەد، بەرگ4، 2009، ل1919). دەبێت ئاماژەش بەوەبکەین حکومەتی عێراق کۆچبەرە جووەکانی ئاگادار کردەوە تەنها ئافرەتان دەتوانن دەستە جلێکی زیادە لەگەڵ خۆیان ببەن پشکێنەری ئافرەت و پیاوانیان دانابوو بۆ پشکنینیان لێرە کوردەکان زۆر یارمەتی جووەکانیانداوە زێڕو پارەی زۆریان بۆیان رزگار کردووە بێ ئەوەی هیچ شتێك وەربگرن جووەکان خۆیان ئەو شاهێدیە دەدەن.

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەی گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

- جووەکان یەکێکن لەو نەتەوە دێرینانەی بۆماوەی چەندین سەدە شانبەشانی کوردەکان  لە کوردستان ژیاون، کە توانیویانە پارێزگاری لەدابونەریت و زمان وئایینی خۆیان بکەن، چەندین کەنیشتە و گۆڕستانی تایبەت بەخۆیان هەبووە، بەشێوەیەکی گشتی کوردەکان لەگەڵیان باشبوونە بەراورد بەناوچەکانی دونیا هەر ئەمەش وایکردووە پارێزگاری لەزمان و ئایینی خۆیان بکەن، جووەکان بەپێی قسەی مێژوونووسەکانی خۆیان نەتەوەی کورد لەهەموو نەتەوەکانی دونیا زیاتر ڕێزی جووەکانی گرتووە لەخۆشی و ناخۆشی لەگەڵ یەکتردابوونە، هاوبەشی یەکتریان کردووە خواردنی یەکتریان خواردووە. تەنانەت لە هەندێ ناوچەی هەولێر مزگەوتی موسڵمان و کەنیشتەی جووەکان تەنها سەد مەترێك نێوانیان بووە، مەلای موسڵمان و مالمی جووەکان زۆرجار بەیەکەوە دانیشتوون گفتوگۆی ئاینیان لەگەڵ یەکتر کردووە، ئەگەرچی هەندێکجار تووشی کێشە بوونەتەوە بەحوکمی ئەوەی کەمینە بوونە بەتایبەتی زۆرجار کوردەکان کچی جوویان هەڵگرتووە کردویانە موسڵمان، جووەکان ئەوەیان بەگەورەترین کۆست داناوە، بۆ پارێزگاریکردن لەخۆیان لەناوچە گوندنشینەکان پشتیان بەئاغاکان بەستووە، بەشێوەیەکی گێڕایەڵو متمانە پێکراوبوونە لەلای ئاغاکان.

- جووەکان ئەگەر کەمینە بوونە لەلیوای هەولێر بەڵام ڕۆڵێکی گرینگیان بینیوە لەژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری ئەم لیوایە، جووە شارنشینەکان و گوندنشینەکان کاری جۆراوجۆریان ئەنجامداوە، کەسی لێهاتوو بوونە لەزۆربەی بوارەکان بەهۆی ئەو زیرەکیەوە وایکردووە ببنە بەشێکی پێویست لەکۆمەڵگای کوردی چەندین کەسایەتی لێهاتوو بەناوبانگیان لێدەرکەوتوە سوودێکی زۆریان بە کوردەکان گەیاندووە، تەنانەت بە کۆچکردنیشیان بۆ ئیسرائیل کاریگەری خراپیان لەسەربازاڕی ناوچەکانی هەولێر هەبووە، چونکە جووەکان کۆنترۆڵی بەشێکی گەورەی بازارو کارو پیشەی هەولێریان کردبوو.

- جووەکان لیوای هەولێر بەشێوەی کرداری لەماوەی ساڵانی(1951-1952) مێژووی درێژیان لەسەر خاکی هەولێر نامینێ بەرەو ئیسرائیل کۆچیانکرد، جووەکان ئاماژە بەوە دەدەن کوردەکانی لیوای هەولێر زۆر پەژارەی ڕۆشتنیان بوونە بەگریانەوە ئەوانیان بەرێکردووە، ئەگەر لەناوچەکانی تر عێراق چەوسێنراون یان کوژراون و تاڵانکراون بەڵام لە ناوچەکانی لیوای هەولێر گوزەرانیان باشتر بووە، ئەگەرچی گەریدەکان بەخراپی باسی بارودۆخی جووەکانی هەولێریان کردووە، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە زیادەرۆیی تێداکراوە، ئەوان لەهەولێر کێشەی خاك و نەتەوەیان نەبووە بەڵکو ئەوان بەهۆی ڕێکخراو و بزووتنە زایۆنیزمەکانەوە وای لە جووەکانی هەولێر کردوە کۆچ بکەن.

**خشتەی ژمارە(1)  ئەو شاروگوندانەی جووەکانی تێدا ژیاون**

| ناوی گوند یان شار | ماڵ | |
|---|---|---|
| گوندی شایان | گوندی جووان بوو | پیشەیان مەڕوماڵات بەخێوکردن |
| گوندی کوشاف | گوندی جووان بوو | مەڕدار |
| گوندی ساسۆن | 10 ماڵە جووی لێبووە | مەڕدار |
| گوندی عەوێنە | 20 ماڵە جووی لێبووە | |
| شارۆچکەی مەخمور | 3 ماڵە جووی لێبوو برا بوونە | تاساڵی پەنجاکان تەنها 3 ماڵ مابونەوە دوای ئەوانیش ڕۆیشتن بۆ ئیسرائیل |
| گوندی سۆربەشی خدری پاشا | (5-4) ماڵ بوونە | |
| لەگوندی گرد مەلا | 2ماڵە جوو برابوون | |
| گوندی قورشاغلو | چەند ماڵەجوویەك | |
| گوندی قازیخانە | (3 – 4) ماڵە جوو. | |
| ئۆمەراوە | 3 ماڵە جوو | |
| گوندی خورخور | 1ماڵە جوو | پاشان نەوەکانی بوونەتە ئیسلام ئێستا ماون |
| گوندی شێخان | چەند ماڵەجوویەك | |
| دیبەگە | چەند ماڵەجوویەك | |
| گوندی کەوری | 4ماڵە جوو | دروستکردنی پێلاو، جۆلایی |
| گوندی عاڵلا | چەند ماڵە جوویەك | مالم لەو گوندە دانیشتووە |
| گوندی سارتك | 1ماڵە جوو | |
| گەڕەکی مورسیان | نزیکەی (8)ماڵە جوو بوونە | ئەوکاتی بالیسان دابەشی دوو گەڕەك دەبوو مورسیان و بالیسان. |

| | | |
|---|---|---|
| گەڕەكی باليسان | (7)ماڵە جوو | |
| گوندی شێخ وەسانان | (3)ماڵە جوو | |
| گوندی هەرمك | 3_4ماڵە جوو | |
| گوندی خەتی | 1 ماڵە جوو | |
| گوندی سوێری | 4 ماڵەجوو | |
| گوندی هەرتل | 3 ماڵەجوو | |
| گوندی سەركانی | 3 ماڵەجوو لە ساڵی 1930 | |
| باتاس | 1 ماڵەجوو | كاری جۆلایی ،دەستگێڕی |
| بێتواتە | چەند ماڵە جوويەك | |
| هەرتەل | چەند ماڵە جوويەك | |
| باتاس | 20 - 30 ماڵەجوو | |
| دواوە | 1 ماڵە جوو | |
| سوێرێ | 4ماڵە جوو | |
| گوندی توتمە | 3 ماڵە جوو | كاری جولایی و خمچی |
| گوندی مەلەكان | 5ماڵە جوو | كاری جولایی و دروستكردنی رانك و جۆخەر |

**خشتەی ژمارە(2) بازرگان و پیشەوەر و دوكاندارە جووەكانی لێوای هەولێر**

| كەسایەتیە جووەكانی هەولێر | پیشە | ئەو كەلوپەلانەی دەیانفرۆشت |
|---|---|---|
| شامبیل داود | دوكاندار | فەخفوری |
| عەزرا یەڵدا | دوكاندار | دەزوو ئاموش فرۆش |
| عبدوڵلای گوێ بەگواری | وەستا | پەلەمێزو كەلوپەلی ماڵان |
| موشی سلێمان | دوكاندار | شەكروچا |
| بنیامین | بيناساز- وەستای خانوو | بەشێك لەخانوەكانی خەنەقای دروستكردووە |
| ئیسحاق گوڵە | جۆلایی | جاجم دووگردیان دەچنی |
| رحمان مام مەرەزی | جۆلایی | جاجم دووگردیان دەچنی |
| بارۆخ و سیون رحیم | بیناساز | بەشێك لەخانووەكانی هەولێر ئەوان دروستیان كردووە |
| خدرۆكە جوو و مووشێ | بەیتاڵ | چارەسەركردنی جۆرەها برین و شكان |
| نەسیم دانی | جوملەفرۆش | قوماشفرۆش |
| حسقێل ردین سۆر | دوكاندار | |
| سیتۆ ئیلیاهۆ بەغدایی | بازرگان | |
| ساسۆن ردین پان | بازرگان | |
| مۆشی گۆج | بازرگان | |
| عزرە رەحیم | بازرگان | |
| ناتانە كەچەڵ | بازرگان | |
| هارون تەنەكەچی | بازرگان | |
| ئیسحاق خەیات | بازرگان | |
| ناحۆم بیغلی | بازرگان | |
| یۆنا، بەبۆ، ئیسحاق خدرۆ | دوكاندار | خمچی |

**خشتەی ژمارە(3) كەسایەتیە جووە رۆشبیریەكانی هەولێر**

| | |
|---|---|
| دانیال قەصاب | مامۆستا و وێنەكێش |
| موراد ئەفەندی | مامۆستا |
| مەتی هارول | مامۆستا |

| | |
|---|---|
| سیمۆن | مامۆستا |
| دانیال عزرا قەساب | مامۆستا و هونەرمەند |
| زەکی بارۆخی | مامۆستای مۆسیقا و گۆرانی بێژ |
| ناجی شائوول | پارێزەر |
| شەمعون فرەنسیس | پارێزەر |
| شاهین | وێنەکێش وانەی وێنەکێشانی وتوتەوە |
| مونیر قەساب | مامۆستا و وێنەکێش رۆڵی زۆری هەبووە لەپەرەپێدانی هونەری وێنەکێشان لەهەولێر |
| ناحووم قەساب | وێنەکێش |
| ئیسحاق بێهنام سیاوش | مامۆستا |
| دانیال سەمۆئیل | مامۆستا |
| یوسف جوبرائیل زخور | مامۆستا |
| زەکی بارۆخ | مامۆستا |
| سەلیم بنیامین شوان | مامۆستا |
| شەمعون مەنسور | مامۆستا |
| غانم رزوقی میخائیل | مامۆستا |
| جەودەت دەروێش بنیامین | مامۆستا |
| حسقیل خمچی | گۆرانیبێژ |
| نەسیم بازرگان | گۆرانی بێژ |
| حسقێل ئەفەندی | مامۆستا |
| سەلمان ئیسحاق | مامۆستا |
| موراد ئەفەندی | مامۆستا |
| سیمۆن ئەفەندی | مامۆستا |
| مەتی ئەفەندی | مامۆستا |
| ئیسحاقە گولە | حەیرانبێژ- پیشەی جوولای جاجم و بەرمالی دروست دەکرد |
| موشی خویزە | حیکایەت خوان |

## لیستی سەرچاوەكان

### سەرچاوە عەرەبییەكان:


- ابو حاكمة، هيشام محمد ، مملكة اسرائيل، الطبعة اولى، دار الاسراء والتوزيع عمان، الاردن، 2004.
- ابو شادى، صفاء ، الاعياد والموسم فى الديانة اليهودية، الطبة الاولى، دارالوفاء لدنيا الطباعة والنشر، مصر، 2005.
- البارزانى، عزيز حسن ، الحركة القومية الكردية فى كوردستان العراق، الطبعة الاولى، دهوك، 2002.
- البراك، فاضل ، المدارس اليهودية والايرانية فى العراق، بغداد، 1984.
- براور، اريك ، يهود كردستان، ت:شاخوان كركوكى و عبدالرزاق بوتانى الطبعة الثانية، ئاراس، 2009.
- البرقاوى، احمد رفيق، العلاقات السياسية بين العراق و بريطانيا 1922-1932، بغداد، 1980.
- بى ره ش : بارزان و حركة الوعى القومى الكردى 1826-1914، ب.م ، 1980
- الجاوشلى، هادى رشيد ، تراث اربيل، التاريخى، اربيل، 1985.
- حبيب . كاظم ، اليهود والمواطنة العراقية أو محنة يهود العراق بين الاسر الجائر والتهجير القسرى، السليمانية، 2006.
- حسن، صادق ، النشاط الصهيونى فى العراق(1914-1952، منشورات وزارة الثقافية والاعلام، دار الرشيد، 1980، بغداد.
- الحلاق، حسن على، دور اليهود و القوى الدولية في خلع السلطان عبدالحميد الثانى عن العرش(1908-1909)، الدار الجامعية، بيروت، بدون سنة.
- الدروبي، إبراهيم عبد الغني ، البغداديون أخبارهم ومجالسهم ، -مطبعة الرابطة - بغداد 1958.
- ديڤز، جون. هـ، السلام المراوغ، ت: محمد فتحى، الهيئة المصرية، العامة، 1970.
- رسول، اسماعيل شكر ، اربيل دراسة تاريخية فى دورها لفكر السياسى(1939-1958)، مطبعة بيناى، اربيل، 2005.
- الزنگنة، صلاح الدين مجيد على ، صفحات من تاريخ اليهود فى العراق و كوردستان، الطبعة الثانية، كركوك، 2010.
- السقاف، أبكار ، اسرائيل وعقيدة الارض الموعودة، القاهرة، عالم الكتب، 1967.
- السودانى، صادق حسن، النشاط الصهيوني فى العراق 1914-1952، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1980.
- سوسه، احمد ، ملامح من تاريخ القديم ليهود العراق، مركز الدراسات الفلسطينية، طبعة الاولى، بغداد، 1987..
- صباح عبدالرحمن، النشاط الاقتصادي ليهود العراق(1917-1952)، الطبعة الاولى، بغداد، 2002.
- الصمادي، اسماعيل ناصر ، التاريخ التاريخي مابين السبي البابلي اسرائيل الصهيونية، الطبعة الاولى، دار علاءالدين، سوريا، 2005.
- الفتلاوي، سهيل حسين ، جذور الحركة الصهيونية، دار وائل للنشر، الاردن، 2002.
- كورية، يعقوب يوسف ، يهود العراق، تاريخهم ، احوالهم ، هجرتهم ، لبنان، 1998.
- مرعى. فرست، دراسات فى تاريخ اليهودية والمسحية فى كوردستان، ئاراس، 2008.
- المشهدانى، سعد سلمان ، النشاط الصهيونى فى العراق و دوره فى تهجير يهود العراق الى فلسطين، دار الشؤون الثقافية، بغداد، 1992.
- مكاريوس، شاهين ، تاريخ الاسرائيليين، مطبعة المقتطف، 1984.
- نكديمون، شلومو ، الموساد فى العراق ودول الجوار انهيار الامال الاسرائيلية والكردية، ت بدر عقيلى، دارالجيل، 1977.
- هى. دبليو. ار. سنتان فى كردستان 1918-1920، (حاكم اربيل السياسى ايام الاحتلال البريطانى 1918-1920)، ت: فؤاد جميل، بغداد:دار الجاحظ ، 1973. ((لەكوردی و عەرەبیەكە سوودەمر وەرگرتووە)).


### سەرچاوە كوردییەكان


- باوەر، ئەحمەد ، جوولەكەكانی كوردستان، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، 2000.
- ----ئێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی كوردیدا، بەغداد، 1978.
- بێری، ئوراشۆرتش، جووەكانی كوردستان، و: گۆران صباح، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2013.
- تریب، چارلز ، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی عیراق، و. مەحەمەد حوسێن ئەحمەد، عەبدولقادر كەلهمور، چاپی سێیەمر، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر – 2012.
- حاجی، مغدید ، لە(ئوربیللۆم و ئەربەئیلۆ)ەوە بۆ هەولێر، چاپی یەكەمر، چاپخانەی حاجی هاشمر، هەولێر، 2009.
- حەوێزی، تاهیر ئەحمەد، مێژووی كۆیە، بەرگی دووەمر، بەشی یەكەمر، بغداد، 1984.
- رەشاش، حەمید ، ژیانی كوردەواری ، چاپخانەی حاجی هاشمر ، هەولێر ، 2011.
- سمایل، عەباس سلێمان ، مێژووی دەشتی هەولێر، بەرگی دووەمر، چاپخانەی مناره، هەولێر، 2018.
- صالح ، سدیق، رۆژنامەوانی نهێنی پارتی دیموكراتی كوردستان- عێراق 1946- 1958 لە بلاوكراوەكانی بنكەی ژین، سلێمانی، 2011.
- عبدالقادر، نەهرۆ محمد، هەولێر لەنێوان ساڵانی 1918-1926، چاپخانەی موكریان، هەولێر، 2013.
- عوسمان، بەختیار حمەدەمین ، جووەكانی كوردستان، چاپی یەكەمر، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2011.
- عوسمان، دانا ، جولەكەعقیدەو شەریعەت و مێژوویان، چاپی سێیەمر، ناوەندی ئارا، 2011.
- قادر، مهدی محمد ، هەولێر لەنێوان ساڵانی1926-1939 چاپخانەی حاجی هاشمر، هەولێر، 2013.
- كوریە، یەعقوب یوسف، جولەكەكانی عێراق، و: شەرمین عبدوڵڵا رەواندزی، چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر، 2013.
- گۆرانی، عەلی سەیدۆ ، لە(عمان)ەوە بۆ ئامێدی گەشتێك بە كوردستانی باشوودا، و: تالب بەرزنجی، سلێمانی، 2000.

- مالرب، میشل ، مرۆڤ و ئاینەکان، و: عیمران هاواری، چاپخانەی گەنج-سلێمانی، 2009.
- مەحمود، بەختیار سعید ، لیوای سلێمانی(1921-1958) چاپی یەکەم، سلێمانی، 2013.
- مەزهەر، کەمال ، چەند لاپەرەیەك لەمێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2001.
- میران، رشاد، رەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپی دووەم، هەولێر، 2000.
- هەی. دبلیو.ئار، دووساڵ لە کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر 2010.
- زاکین، مۆردیخای، جوولەکەکانی کوردستان مێژووی ژیان و پەیوەندییان لەگەڵ ئاغا کوردەکاندا، و: سیروان حسێن بیەیی، چاپی یەکەم ، هەولێر، 2015.

**سەرچاوە ئینگلیزی و رووسیەکان:**

- Сергей минасян израильско-курдские отношения в контексте политических процессов на ближнем и среднем востоке, «21-й век», № 2 (6), 2007г.
- Еврейская энциклопедия, Тип. Акц. Общ. Брокгауз-Ефрон, СПб., 1906—1913, Всего томов 16 ,Энциклопедии и словари.
- М. Н. Цетлин, средневековый путешественник вениамин тудельский, страны и народы востока(география, этнография, история), выпуск iii, издательство москва, «наука»1964.
- H.H. Ben-Sasson The Standard Jewish Encyclopedia: Tribes, Lost Ten & Babylon Chart: A History of the Jewish People.
- Ariel sabar, my father's paradise: a son's search for his jewish past in kurdish iraq. Illustrated.

**سایتەکان**

- https://eleven.co.il/diaspora/ethno-linguistic-groups/12263/ **Электронная еврейская**
- **энциклопедия** создана в 2005–2006 гг. на базе Краткой еврейской энциклопедии в 11 томах, изданной в Иерусалиме в 1976–2005 гг.
- Александр Гринберг, Еврейский Курдистан, https://jewish.ru/ru/events/world/180569/
- https://www.marefa.org/مؤتمر_سان_ريمو#/media/File:Zionist_Rejoicings._British

**گۆڤارەکان:**

- ئیریش براوەر و رافایل پاتال، مێژووی جووەکانی کوردستان، و:زەردەشت موکریانی، سەنتەری برایەتی، گۆڤار، ژ17.
- پیربال، فەرهاد ، دانیال قەصاب دامەزرینەری هونەری رەسم لە کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری هەولێر، ژمارە1، زستانی ساڵی 1998.
- خەزنەدار، مارف ، هەولێری جاری جاران و چەند یادگارێك، گۆڤاری هەولێر ژمارە زستانی(9) ساڵی 2001.
- دواوەیی، بەختیار محمد ، پێکەوەژیانی کوردە جولەکە و کوردە گوندی(خەتێ) بووکە ڕازاوەکە کوردستان، کۆڤاری ئیسرائیل- کورد، ژمارە11، ئەپریل 2010.
- ------ ، جووەکانی گوندی مەلەکان، گۆڤاری ئیسرائیل -کورد، ژمارە 17، ئۆکتۆبەری ساڵی 2010.
- ------ ، جولەکەکانی گوندی توتمە لەچاوی مێژوو ون نابن، گۆڤاری ئیسرائیل -کورد، ژمارە 9 ئەپریل ساڵی 2010.
- دینۆ دانیال، سەرۆکی شارەوانی رەمەتگان جڤی بارزانی ، گۆڤاری ئیسرائیل -کورد، ژمارە 8 ژنیوەری ساڵی 2010.
- راپۆرت دیاکۆ، ئاوەڕدانەوەیەکی مێژووی بۆ نیشتەجێبوونی جووەکان لەدەڤەری پشدەر، ئیسرائیل- کورد، ژمارە 14، 2010.
- بیرەوەری جوویەکی 80ساڵە، گۆڤاری ئیسرائیل کورد، ژمارە 17، ئۆکتۆبەری ساڵی 2010.
- شەپۆلەکانی هاتنی جووەکان بۆ کوردستان، گۆڤاری ئیسرائیل -کورد، ژمارە 22 ئەوگوستوس ساڵی 2011.
- راپۆرتی مەیدانی گۆڤاری ئیسرائیل -کورد، ژمارە(16)
- گۆڤاری ئیسرائیل -کورد، ژمارە( 4،12)
- جەلال، بۆتان، تەمەنی قەیسەری هەولێر، ژمارە 7، ساڵی 2002.
- مەخموری، پیرداود ، گەشتێك بەناو هەولێردا، گۆڤاری هەولێر ژمارە(7) ساڵی 2000.

. غنيم، احمد، مجلة قضايا اسرائيلية، وعد بلفور ..بين عصبة الأمم وصك الانتداب.https://www.madarcenter.org /

- بن كوهين، النزوح الجماعي لليهود عن العراق،1948، 1951 مجلة الدراسات الفلسطينية، المجلد9 ، العدد) 36 خريف1998 ، www.palestine-studies.org
- د.الحسين بودميع |اليهودية ديانة قومية أم تبشيرية؟، مجلة البيان في دائرة الضو العدد344 : 2016. https://www.albayan.co.uk/mobile/MGZarticle2.aspx?ID=4849
- М. Н. Цетлин, СРЕДНЕВЕКОВЫЙ ПУТЕШЕСТВЕННИК ВЕНИАМИН ТУДЕЛЬСКИЙ, СТРАНЫ И НАРОДЫ ВОСТОКА(ГЕОГРАФИЯ, ЭТНОГРАФИЯ, ИСТОРИЯ), ВЫПУСК III, ИЗДАТЕЛЬСТВО Москва, «НАУКА»1964.

- The role of the Jews in the history of Iraq, Israel-kurd, magazine, first No. jun2009.www:Israelkurd.com
- بەڵگە نامە: سجل جماعة المعلمين المدرسة اربيل الاولى الابتدائية.
- بەڵگەنامە https://www.marefa.org
- ئەنیسكلۆپیدیای هەولێر ، برگی (1، 4 5، 6) چاپخانەی گرین گالۆری- لوبنان ، چاپی یەكەم ، 2009.


(چاوپێكەوتنەكان) و ئەو كەسەیەتیانەی سوودم لێوەرگرتووە بۆ توێژینەكە:

- احمد محمد، 1952. دانیشتووی هەولێر، گەڕەكی كوردستان.
- برهان عوسمان شێراوەیی، 1952. گوندی شێراوە.
- حاجی رسول، تەمەن 80ساڵ قەزای دەشتی هەولێر.
- حاجی سلێمان بایز، نزیكەی 70 ساڵ. بنەسڵاوە.
- حاجی قادر ،1950. خەڵكی ناوچەی خۆشناوەتی.
- حمەدامین رشید، ابراهیم، 1938.حەریر .
- خاتوو رابیعە پیرداود،1950 خورخور.
- سلێمان سمایل، تەمەن 76ساڵ. دەشتی هەولێر.
- مام جەلال، تەمەن 76ساڵ ئۆمەرگومەت، ئێستا دانیشتووی بنەسڵاوەیە.
- مام احمد تەمەن 75 ساڵ، شەقڵاوە.
- محمد علی مستەفا، بنەسڵاوە.
- ئامینەخان تەمەن 80 ساڵ، جدیدەی لەكان.
- ئیسماعیل محمد، 1950، خورخوڕ.
- عەیشێ سۆفی حەمەدەمین، گوندی كەوری، ئێستا لەهەولێر دادەنیشێت.
- عباس ابراهیم سلێمان، 1932. گوندی كەوری.
- بەهیە جمیل داود، 1943.گوندی كەوری.
- رەوشەن احمد مەلاخدر، 1981 كۆچی كردووە، تەمەنی نزیكەی 100ساڵ بووە لەنەوەكانی زانیاریەكانم وەرگرتووە
- مام حاجی سەعید رۆستایی، رۆستێ، 1910لەدایك بوون، لەنەوەكانی زانیاریەكانیم وەرگرتووە.
- هیوا.احمد محمد صالح داپیرانی جوونە ماوەیەك لە ئیسرائیل ژیاوە دواتر هاتۆتەوە كوردستان ئێستا لەهەولێر دەژیت.

**اليهود فى لیواء اربيل(1921-1952)**

**نەهرۆ ئیسماعیل محمد                شێروان عبدالرحمان محمد**

كلية اداب / جامعة صلاح الدين-اربيل

Nahro.muhammad@su.edu.krd

**ملخص**

يبدأ تاريخ اليهود في مناطق كوردستان الى ما بعد حملات الاشوريين على بلادهم ، و قد استوطنوا في القرى و المدن الكردستانية و أصبح لهم شأن في المجال الاقتصادي و التكييف شيئا فشيئاً في المجتمع الكردي وفق مصالحهم بحيث من الصعب التفريق بين يهودي و كوردى مسلم .

و الجدير بالذكر ان قسما من المستشرقين و من خلال كتاباتهم قد اثاروا مسألة اضطهاد اليهود في مناطق اربيل و غيرها الا ان اليهود و من خلال الشواهد التاريخية قد زاولوا بحرية اعمالهم التجارية و تحسنت أوضاعهم المعيشية اكثر من اي بقعة اخرى في العالم ، كما حاول اليهود التقرب من الاغاوات الكورد و الطبقة السلطوية بتقديم المال و الهدايا حفظاً لمصالحهم الحيوية.

كان وجود اليهود بين الكورد و استوطانهم في بلادهم حالة طبيعية و نلاحظ أنهم بقوا يهوداً بجانب الاكراد دون ذكر لاى مشكلة قومية او عرقية بل يعتبرون بلاد الكورد موطنا لابائهم و اجدادهم ، الا ان الاغلبية منهم قد هاجرت الى فلسطين حتى عام 1951 وكان بعض من المنظمات الصهيوينة وراء هجرتهم بالاضافة الى انتهاج سياسة الترحيل و الطرد القسري من جانب الحكومة العراقية.

**الكلمة الدالة:** اربيل، اقتصاد، المدن، الكرد.

**The Jews in liwa Erbil 1921-1952**

**Nahro Ismaeel Muhammad      Sherwan Abdullrahman Muhammad**
Department of History – College of Arts / Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

The history of the Jews in the region of Kurdistan begins after the Assyrians' campaigns against the Jews country. The Jews settled in the villages and cities of Kurdistan. They had a dominant role in the economic activity. Also, the Jews adapted to the Kurdish society because of their interests in which no one differentiated between a Jew and a Kurd.

It can be noticed that some of the Orientalists believe that the Jews in the areas of Erbil faced oppression. But the Jews could work freely in diverse businesses and they improved their life conditions in the areas of Erbil rather than other part of the world. The Jews attempted to be close to the Kurds and the authoritarian members by offering them money and gifts to protect their personal interests.

Though the Jews, who lived in Kurdistan did not feel strange in Kurdistan because they concerned Kurdistan as their ancestral land. But the encouragement of the Zionist organizations, their policy of deportation and the expulsion by the Iraqi government forced the Jews to migrate to Palestine until 1951.

**Keyword:** Kurds, Erbil, business, villages.